

دەقی پەیامی نەورۆزی بەڕێز مستەفا هیجری

٤



کارەساتێکی مرۆڤهەژێن و سەرکەوتنێکی مێژوویی

٨



تەیموور مستەفایی: تەحریمی هەڵبژاردن...

٩



«نمایشی دێموکراسی»

١٠



هەڵبژاردن بە شێوەی کۆماری ئیسلامی

١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێـران

ژمارە ٥٧٧، سێشەممە، ١ی خاکەلێوە ١٣٩١، ٢٠ی مارس ٢٠١٢، ١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com





## مستەفا هیجری:

# خۆری تەمەنی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە بەرەو ئاوابوونە



بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵی نوێی هەتاوی، ساڵی ١٣٩١ و جێژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ ئێوارەی دووشەممە، ٢٩ی ڕەشەمە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزب، ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان و هەروەها بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو میوان لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو. بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا کە لە ساڵۆنی گشتیی ڕێوڕەسمەکانی حیزب بەڕێوەچوو، بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب پەیامی نەورۆزیی خۆی بەم بۆنەوە ڕوو لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە بەشێك لە پەیامەکەیدا وتی: «ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە نەتەوەیەك، گرووپێك یان ئایینێك حوکمی دیکتاتۆریی خۆی بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنێ و ئەوان بە هاووڵاتیی دەرەجە ٢ حیساب بکا. نە کورد چی دیکە ئەم ژێردەستەییە قبووڵ دەکا و نە سەردەمی ئەم شێوە دەسەڵاتانە ماوە، بەتایبەت چوارچێوەی ئێرانیش بەم شێوەیە ناپارێزرێ«.

بەڕێزیان لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا وتی: "بە هەمووی ئەو زوڵم و زۆردارییەوە کە کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی ئێران بەڕێوەی دەبا، نیشانەکان پێمان دەڵێن کە خۆری تەمەنی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە بەرەو ئاوابوونە».

لە درێژەی بەرنامەکانی بەشی یەکەمدا، چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە و گۆرانی فولکلۆر و شێعر و پەخشان پێشکەش کران.

بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمەکە، لە دەرەوەی ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکان و بۆ ئاگرکردنەوە و هەڵپەڕکێی گشتیی بەشداربووان تەرخان کرابوو. لە دەستپێکی ئەم بڕگەدا، بەڕێز مستەفا هیجری هاوڕێ لەگەڵ بەڕێز مەسعوود تەك، سکرتێری گشتیی پارتی سوسیالیستی کوردستان ـ تورکیە و دوو خێزانی شەهید، ڕێزداران ئاوات حەسەنزادە و نەسرین مەحموود، ئاگری نەورۆزی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی داگیرساند. دەقی پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەدا هاتووە.

## پەیڤ

کەریم پەرویزی

### ئەو کاتەی ئاوەز تێدا دەمێنێتەوە

چالاکی و تێکۆشان و کار و کردەوەی کاریگەریدانان یان گۆڕانکاریخوازانە لە ئێراندا و بەگشتی ئەوەی پێوەندی بە بوار و گۆڕەپانی سیاسەتەوە لەم وڵاتەدا هەبێ، هەندێك جار ئاراستە و شێوازێکی وەها بە خۆوە دەگرێ یان بەوە دەگا بەدوای دەزگایەکی بیرکردنەوە و هزری و پێوەر و هەڵسەنگێنەری تایبەت و جیاوازدا بگەڕێین تا لەم سیاسەتە و لەو جۆرە سیاسەتڤانانە تێبگەین، دەنا پێوەری گشتی و دەزگای مەنتق و هزری سیاسیی گشتگیر و جیهانی لەگەڵ ئەو کردارە بەناو سیاسییانە لە ئێراندا نایەنەوە، پێویست بەوە دەکا مەنتق و هزر و ئاوەز تێك بدرێن و دەزگاکانی بگۆڕدرێن!

لە کۆتایی ڕێژیمی پاشایەتی و سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، هەندێك بەناو چالاك و ڕووناکبیری میللی و خەڵکی! کۆنەپەرستترین کەسی ڕێبەری کۆنەپەرستترین ڕەوتی ئایینییان لە خەڵکی ئێران کرد بە گەورە بلیمەت و وێنەکەیان لە ناو مانگدا دۆزییەوە و بەم شێوازە بنەمای چەواشەکاری و خۆڵ لە چاوی خەڵك کردن دانرا.

بە درێژایی ئەم زیاتر لە سێ دەیە، ئەم جۆرە ڕەفتار و کردارە بەردەوام بووە و هەر جارە و کەسێکیان بە قارەمانی خەڵکی نیشان داوە و دوایی دەرکەوتووە کە درۆزن و فریوکار و تاوانبارێك بووە و هیچی دیکە. لە خومەینی و ڕەفسەنجانی وخامنەییەوە بیگرە تاکوو کەسانی دیکە و تاکوو خاتەمی، سەرۆككۆماری پێشووی ڕێژیم کە وایان نیشان دەدا کە بۆ ئازادی و دادپەروەری هاتووە و دەیەوێ ئێران ببێ بە ماڵی هەموو ئێرانییەکان بەڵام دوای ئەم ڕەوتە دوورودرێژە لە چەواشەکاری، لە کۆتاییدا خاتەمی لە شانۆگەریی مەجلیسی نۆیەم لە ١٢ی ڕەشەمەی ٩٠دا هاتە پێشەوەی پەردە و گوتی کە بۆ ئەو «نیزام» لە پێشەوەی هەموو شتێك و هەموو کەسە و ئەو خولیای پاراستنی نیزامی هەیە.

بە دوای چەندین ساڵ چەواشەکاری و فریوکاری، خاتەمی بە زمانی خۆی دانی پێدا نا کە گیانی مرۆڤەکان و بەها ئینسانییەکان تۆزقاڵێك بایەخی بە لایەوە نیە و ئەو تەنیا لە فیکری پاراستنی «نیزام»دایە و بەم شێوازە زۆرێك لەو کەسانە هێشتا بڕوایان پێ هەبوو وەئاگا هاتنەوە. بەڵام شتی سەیر لەم ڕۆژانەدا ڕووی دا کە ژمارەیەك لە هەمان ڕەوتی چەواشەکاری و خۆڵ لە چاوی خەڵك کردن، کە ئەرکیان جوانکردنی شتە دزێوەکانە، لە ڕاگەیەندراوێکی بەناو ڕەخنەگرانە لە خاتەمی، لە بەشی گرینگی ڕاگەیەندراوەکەیاندا بە ڕەخنەگرانی ڕاستەقینە و ئەوانەی کە چەواشەکارییەکانی خاتەمی لەقاو دەدەن، دەڵێن کە سنوور و ئەندازە ڕابگرن و بەوانەی کە خولیای ئازادی و ڕزگارییان هەیە، ئەمر و فەرمان دەکەن کە لە خوارەوەی حەد و قەوارەی خاتەمی قەرار بگرن! ئەمانە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەزگای تاوان و تاڵانیان لە بیر کردووە و خاتەمی و مۆرەکانی ڕێژیمی تاوانباریان بە لاوە پیرۆزتر و پڕبایەختر لە هەموو مرۆڤەکانی ئێران و هەموو بایەخەکانە و بە ستەملێکراوەکان دەڵێن حەد و ئەندازە ڕابگرن! لەم جۆرە هەڵوێستوەرگرتنانەی ئەم جۆرە بەناو ڕووناکبیر و چالاکە میللیانەدایە کە دەبێ بە دوای دەزگایەکی دیکەی نامەنتقیدا بگەڕێین تا لە مانا و واتای کردارەکانیان تێبگەین، چوونکە ئاوەز و مەنتقی گشتی لە خوێندنەوەیاندا دەمێنێتەوە.

# بازنەی گەمارۆکانی سەر ئێران تەنگتر بوو

ڕێکخراوی جیهانیی ڕاگواستنی نێوان بانکی (سویفت) ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی شەممە، ٢٧ی ڕەشەمەوە، بەکردەوە پێڕەوی لە بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا کردووە و دەستڕاگەیشتنی کومپانیا دیاریکراوە ماڵییەکان لە ئێرانی بە سیستمی پەیامەکانی خۆی بچڕاندووە. ئەم بڕیارە، ڕۆژی پێنجشەممە، دوابەدوای بڕیاری شووڕای ئورووپا بۆ توندکردنی بلۆکەکردنی داراییەکانی دامەزراوە پێوەندیدارەکان بە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران ڕاگەیێنرابوو.

هەروەها هەواڵدەریی بلومبێرگ لە زاری ئۆوی جوریش، یەکێك لە بەرپرسانی پێشووی وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا ڕاپۆرتی دا کە، نیگەرانیی ئامریکا لە ئاڵوێرە ماڵییەکانی هیند لەگەڵ ئێران و ئەگەری گوێنەدانی ئەم وڵاتە بە گەمارۆکان و بەربەستە دانراوەکان لە لایەن ئامریکاوە، لەوانەیە ببێتە هۆی گەمارۆ خستنە سەر یەکێك لە گرینگترین هاوپەیمانانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئاسیادا.

لانیکەم سێ کەس لە بەرپرسانی پلەبەرزی دەوڵەتی هیند بە «بلومبێرگ»یان وتووە کە بە هۆی گوشاری بێوێنەی دەوڵەتی ئامریکا لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، دەوڵەتی هیند داوای لە بەرێوەبەرانی خۆی کردووە کە بەدوای سەرچاوەگەلی جێگرەوەوە بن تا بتوانن بەرەبەرە لە ڕادەی بەستراویی خۆیان بە نەوتی ئێران کەم بکەنەوە.

ئامریکا پێشنیاری بە هیند کردووە کە لە ڕێگەی ئەم وڵاتەوە و بە ئاڵوێرکردن لەگەڵ عێراق و عەرەبستانی سعوودی، پێداویستییە نەوتییەکانی خۆی دابین بکات.

هەر لەم پێوەندییەدا، هەواڵدەریی فەرمی کورەی باشوور (یونهاپ) ڕاپۆرتی داوە کە، عێراق ئەو دڵنیاییەی بە کورەی باشوور داوە کە لە ئەگەری هاتنەپێشی هەر گرفتێك لە هەناردەی نەوتی ئێراندا، ئەوا بەغدا دەتوانێ پێداویستییە نەوتییەکانی سێئول دابین بکات.

«ڕادیـۆ ئاڵـمان»یش لـە زاری عەلی نەعیمی، وەزیری نەوتی عەرەبستانەوە، هەواڵی لە ئامادەیی ئەم وڵاتە بۆ پڕکردنەوەی پێگەی نەوتی ئێران و قەرەبووکردنەوەی پێداویستییە نەوتییەکانی بازاڕ دا.

# عەنان خوازیاری ستراتیژیی هاوبەش بۆ سووریە بوو

نێردراوی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەریی قەیرانی سووریە خوازیاری ستراتیژیی هاوبەشی شووڕای ئاسایش بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی بی.بی.سی، کوفی عەنان ڕایگەیاندووە کە لێژنەیەك دەنێرێتە دیمەشق تا لە بارەی بەرێکردنی چاودێرانی نێونەتەوەیی بۆ ئەم وڵاتە وتووێژ بکەن.

بە وتەی عەنان، مەبەستی سەرەکیی ئەو لە سووریە، پێکهێنانی ئاگربڕی بەپەلە، ئاسانکاری بۆ گەیاندنی یارمەتییە نێونەتەوەییەکان بە شارۆمەندانی سڤیل و دەستپێکردنی وتووێژی سیاسی لە نێوان لایەنە دەرگیرەکانە.

شووڕای هاریکاریی کەنداوی فارس سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کە شەش ئەندامی بۆ نیشاندانی نارەزایەتی بە درێژەکێشانی توندوتیژییەکان لە سووریە، باڵوێزخانەکانی خۆیانیان لە دیمەشق بەستووە. هولەند و عەرەبستانیش باڵوێزخانەکانی خۆیان داخستووە.

هاوکات، ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان، سەرۆکوەزیرانی تورکیە پێشنیاری کردووە کە «ناوچەیەکی پارێزراو» لە سنووری نێوان هەر دوو وڵاتدا پێك بێت تا ئەو شارۆمەندە سوورییانەی کە هەڕایان کردووە و پەنایان بردووەتە بەر تورکیە، لەو ناوچەدا نیشتەجێ بکرێن.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، خەڵکی سووریە ڕژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری یارمەتیدان و دەستێوەردانی بەپەلەی سەربازی و پشتیوانیی جیهانی بوون.

هەر لەم پێوەندییەدا، ئامریکایش بەنیسبەت ڕاگواستنی نزیك بە ٣٠ تۆن چەکوچۆڵ لە ئێرانەوە بۆ سووریە لە ڕێگەی ئاسمانی عێراقەوە نیگەرانیی خۆی دەربڕیوە.

## سەردانی هەیئەتێکی «الپارتی» لە دەفتەری سیاسیی PDKI



رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەشەمە، هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی کورد لە سوریە (الپارتی) بە سەرپەرستیی بەڕێز عەبدولحەکیم بەشار، سەردانی دەفتەری سیاسیی PDKIی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI پێشوازی لێکرا.
لە دانیشتنی نێوان هەر دوو لادا بەڕێز عەبدولحەکیم بەشار باسێکی سیاسی لەسەر دوایین ڕووداوەکانی سووریە و پەرەسەندنی خۆپێشاندانەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەم وڵاتە دژی حکوومەتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد و سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی دەوڵەتی سووریە و دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەو ڕێژیمە پێشکەش کرد.
عەبدولحەکیم بەشار لە بەشێکی وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی ٤ی ٢٠١٢ی زایینی، کۆبوونەوەیەکی گشتی بە بەشداریی هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنی سووریە بە کورد و عەرەبەوە بۆ دانانی بەرنامەیەکی کردەیی و شوێندانەر بە مەبەستی چالاکترکردنی ئوپۆزیسیۆنی سووریە و ڕووخاندنی ڕێژیمی بەعسی سووریە لە تورکیە پێك بهێنرێت.
بەڕێزیان هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و یەکیەتیی عەرەب و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی سووریە دەکەن و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گوشاری زیاتر دەخەنە سەر ڕێژیمی سووریە.
دواتر بەڕێز هیجری را و بۆچوونی PDKIی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوشی سیاسیی سووریە بۆ شاندی ئەلپارتی ڕوون کردەوە و تیشکی خستە سەر پشتیوانیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لە ڕێژیمی دژی گەلیی بەشار ئەسەد.
سکرتێری گشتیی PDKI، فیداکاری و لەخۆبردوویی و هەڵوێستی لێبڕاوانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی سووریە و یەکیەتی و هاوخەباتیی هێزەکانی کورد لە سووریەی بەرز نرخاند و هیوای خواست لە داهاتوویەکی نزیکدا ئازادیخوازانی سووریە و جووڵانەوەی مافخوازیی کورد بە ئامانجەکانیان بگەن و بە پێکهێنانی سیستمێکی دڵخوازی کۆمەڵانی خەڵکی سووریە بە کورد و عەرەب و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە ژیانێکی نوێ و دوور لە زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری پێك بێنن.

## دیداری بەڕێز مستەفا هیجری لەگەڵ بەرپرسی گرووپی کوردانی پارلمانی بریتانیا

شاندێك بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI، ڕێکەوتی ١٣ی ڕەشەمە، لەگەڵ بەرپرسی گرووپی کوردانی پارلمانی بریتانیا دیداری کرد.
هەر دوو لایەن لەو دیدارەدا نیگەرانیی خۆیان لە پەرەسەندنی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران و سیاسەتەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ دەستێوەردانی ئەو ڕێژیمە لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچەکە دەربڕی.
کاك مستەفا هیجری لەو دیدارەدا تیشکی خستە سەر شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ڕێژیمی ئێران و بەشدارینەکردنی خەڵك تێیدا.
سکرتێری گشتیی PDKI هەروەها لەسەر داهاتووی ئێران و ڕۆڵی نەتەوەکانی ئێران و پێویستیی پشتیوانیکردن لە داوا و خواستی ئەو نەتەوانە باسێکی تایبەتی پێشکەش کرد.

## بەشداریی شاندی PDKI لە فستیڤاڵی ڕاپەڕینی کوردستانی سووریە

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمە، شاندێکی PDKI بە سەرپەرستیی بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە فستیڤاڵی «تێپەڕ بوونی هەشتەمینساڵیادی ڕاپەڕینی کوردستانی سووریە و یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ئازادیی گەلانی سوریە»، بەشداری کرد.
ئەو فستیڤاڵە لە لایەن «یەکیەتیی هێزە دێموکراسییەکانی کورد لە سووریە» و «دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی کاوە» لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.
فستیڤاڵەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی کورد و سروودی نیشتمانیی سووریە و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەستی پێکرد.
پاش خوێندنەوەی وتاری پارتی دێموکراتی کوردستان، وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیرییەوە پێشکەش کرا.
لە وتاری حیزبی دێموکراتدا هاتبوو: «ڕزگاریی عێراق لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە بووە هۆی ئازادبوونی کوردانی ئەو وڵاتە و هەروەها کاریگەریی لەسەر هیوای کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان داناوە و هەروەها بۆتە چقڵی چاوی دەوڵەتی سووریە و ڕێژیمە گرێدراوەکەی».
دواتر وتارەکانی چەندین پارت و لایەنی هەر چوار پارچەی کوردستان لە لایەن نوێنەرانیانەوە خوێندرانەوە.

## دووهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار بەشی کوردستان لە هەولێر بەڕێوە چوو

بە بەشداریی بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI، نوێنەری زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی لاوانی هەر چوار بەشی کوردستان، پارت و لایەنە سیاسییەکان و نوێنەری پارلمانی کوردستان، دووهەمین کۆنفڕانسی لاوانی چوار بەشی کوردستان لە شاری هەولێر، بەڕێوە چوو.
ڕێوڕەسمی کردنەوەی دووهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی بەشەکانی کوردستان ڕێکەوتی پێنجشەممە، ٢٥ی ڕەشەمە بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر پەیامی پارێزگای هەولێر لە لایەن نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر خوێندرایەوە. پاشان پەیامی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفڕانس لە لایەن ئومێد خوشناو، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا.
لە برگەیەکی دیکەدا مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیامی خۆی پێشکەش کرد. مەسعوود بارزانی لە پەیامەکەیدا، وێڕای ئاماژەدان بە گرینگیی کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان، وتی ئێمەی نەتەوەی کورد خاوەن مافین و مافیش بە چەك ناسێنرێ و هیودارم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان ببێتە هەوێن و مایەی یەکگرتنی بەشەکانی کوردستان و ئاماژەشی بەوەدا لە داهاتوویەکی نزیکدا مژدەیەکی تایبەت بە هەموو نەتەوەی کورد ڕادەگەیەنین.
دواتر وتاری «جەلال تاڵەبانی»، سەکۆماری عێراقی فیدراڵ خوێندرایەوە.
پاشان پەیامی پارلمانی کوردستان، لە لایەن حەسەن سوورە، جێگری پارلمانی کوردستان پێشکەش کرا. هەروەها وتاری نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن کاوە مەحموود، وتەبێژی حکوومەتی هەرێم و وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانەوە خوێندرایەوە.
فواد خاکیبەیگی، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتیی سەرجەم ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران پەیامێکی پێشکەش کرد.
نوێنەرانی لاوانی بەشەکانی کوردستان وەك: کوردستانی تورکیە، سووریە و عێراق لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفڕانسی لاواندا بە جیا پەیام و برووسکەی تایبەتیان خوێندەوە.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی




کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاواندا ناوی ئەو حیزبانەی کە پەیام و برووسکەیان بۆ کۆنفرانسەکە ناردبوو لەوانە PDKI خوێندرایەوە و چەپکەگوڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش بە کونفڕانسەکە کرا.
دووهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی بەشەکانی کوردستان، لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێر بەڕێوە چوو و سێ ڕۆژی خایاند. بڕیارە کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوان هەر ساڵە لە بەشێکی کوردستان بەڕێوە بچێت. یەکەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوان، لە ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لە شاری ئامەد لە کوردستانی تورکیە بەڕێوە چوو.

## بەڕێوەچوونی سمیناری ٨ی مارس لە لایەن یەکیەتییەکانی ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، سمینارێکی هاوبەش لە لایەن یەکیەتییەکانی ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمە، لە ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکانی PDKI بەڕێوە چوو.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی ڕێگای یەکسانی دەستی پێکرد. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا.
پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن خاتوو کنێر مێهفەر، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانەوە خوێندرایەوە.
بەشی دووهەمی سمینارەکە بۆ بەڕێز کەیهان یووسفی، سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەرخان کرابوو کە تێیدا باسێکی سەبارەت بە جیاکردنەوەی ڕەگەزی (تفکیك جنسیتی) لە زانکۆکانی ئێراندا پێشکەش کرد.
پاشان لە ڕێگەی سکایپەوە خاتوو سورەیا فەلاح، چالاکی ژنان چەند باسێکی لەسەر ژنان و بزووتنەوەی ژنان پێشکەش کرد.

## کونفڕانسی «سزای لەسێدارەدان لە ئێران» لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە چوو

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی بۆ لای سزای لەسێدارەدان دژی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران، لە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەشەمەدا کونفڕانسێکی ڕێك خست.
کونفڕانسەکە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ لە هۆڵی ژمارە ٢٤ی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ بە بەشداریی ئەم کەسایەتی و لایەنانەی خوارەوە بەڕێوە چوو:
ـ تەیموور ئەلیاسی، بەڕێوەبەر و نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ
ـ دوکتور کارن پارکر، بەرپرسی ڕێکخراوی پارێزەرانی مافی مرۆڤ
ـ ناسر بۆلیدەیی، نوێنەری بەلووچی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ
ـ لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری کوردی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ
ـ شوعلە زمینی، نوێنەری ڕێکخراوی سوودوێند
ـ دوکتور کەریم عەبدیان، بەرپرسی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی ئەهواز
ـ محەمەت باڵچی، نوێنەری ڕێکخراوی ژنێڤا
کاڵ
دوای پێشکەشکردنی وتارێك لەسەر سزای لەسێدارەدان لە ئێران لە لایەن تەیموور ئەلیاسی، پانێلیستەکان لە قسەکانی خۆیاندا لایەنە جۆراوجۆرەکانی سزای لەسێدارەدانیان خستە بەر باس و لێکدانەوە و لەم پێوەندییەدا لەوانە باسی ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و تۆمەتبارکردنیان بە موحاربە و ترۆریست و سیخوڕی بۆ بێگانە و ئێعدامی منداڵانی ژێر هەژدە ساڵ، بەڕێوەبردنی ئێعدامی نهێنی لە بەندیخانەکان و لە بەر چاوی خەڵك لە شەقامەکان کرد.
خاتوو «ئێلن ڤێرپۆست»، نوێنەری هەمیشەیی وڵاتی بولغاریا و چەندین نوێنەرایەتیی ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان و خەڵکێکی زۆر لەم کونفڕانسەدا بەشداربوون. لە کۆتایی کونفرانسەکەدا پانێلیستەکان وڵامی پرسیارەکانی بەشداربووانیان دایەوە و دوو ڕاپۆرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆی باسەکەیان تۆمار کرد.
لە کونفڕانسەکەدا داوا لە ئەحمەد شەهید و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرا کە سزای ئێعدام لە ئێراندا مەحکووم بکەن و کار بۆ ڕاگرتنی خێرای بکەن.
کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێڤ بە ڕەسمی ڕاپۆرتێکی لەسەر سزای ئێعدام دایە ١٩مین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە فەرمی لە سایتی ئەو ڕێکخراوە بە نووسراوەی ژمارە ٤٠ بڵاو کراوەتەوە.
ڕافایل شنووی هەزان، بەرپرسی ڕێکخراوی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی بۆ لابردنی سزای لەسێدارەدان کە نزیکەی ١٣٦ ڕێکخراو لە دونیا تێیدا ئەندامە، پشتیوانیی خۆی لە کونفڕانسەکە ڕاگەیاند.
شایانی باسە سزای لەسێدارەدان ئەگەرچی ئەمڕۆ لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی دنیادا بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو سزایە نەك هەر لە یاسای بنەڕەتیدا جێگیر کراوە، بەڵکوو ڕەوایی و پیرۆزیی ئایینیشی پێدراوە و کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە جێبەجێکردنی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن. هەر بۆیە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زۆر جار لە ریزی پێشەوەی جێبەجێکەرانی ئەو سزایە لە جیهاندا بووە و لەساڵی ٢٠١١ی زایینیدا بە لەسێدارەدانی نزیکەی ٦٠٠ کەس، پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

## سەردانی شاندێکی پێوەندییەکانی PDKI لە دەرەوەی وڵات لە ناوەندی ئۆسلۆ بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤ

هەیئەتێکی پێوەندییەکانی PDKI لە دەرەوەی وڵات بە سەرپەرستیی بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب، ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمە، سەردانی «ناوەندی ئۆسلۆ بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤ»ی لە وڵاتی نورویژ کرد و لە لایەن بەڕێز «شەل ماگنە بۆندەڤیك»، بەرپرسی ئەو ناوەندەوە پێشوازی لێکرا.
لەو دانیشتنەدا سەبارەت بەم بابەتانە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا:
ـ هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ڕێژیمی ئێران و تێڕوانینی PDKI لە بارەیەوە
ـ بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی ئێران
ـ سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچەدا
ـ کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و چارەسەری کێشە سیاسییەکانی وڵات
ـ پێوەندییەکانی نێوان ڕۆژئاوا و ئێران
هەروەها شەل ماگنە خۆشحاڵیی خۆی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات دەربڕی و هیوای خواست ئەو جۆرە دیدارانە بەردەوام بن.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## بەڕێوەچوونی سمینارێک سەبارەت بە ئێران لە ڤیەن

بە هاوکاریی کەمپەینی «Stop The Bomb» و دەفتەری نوێنەرایەتیی خوێندکارانی کالێجی زانستی سیاسیی زانکۆی ڤیەن، رێکەوتی ١٦ی رەشەمە، سمینارێك سەبارەت بە ئێران، بەڕێوە چوو.

بەڕێز سەبا فەرزان، رۆژنامەنووس و راوێژکاری مافی مرۆڤ و ئەندامی پێشووی دەستەی بەڕێوەبەریی پارتی ئازادی ـ دێموکراتیکی ئاڵمان لە برلین و نوێنەری PDKI لە ئوتریش وتاربێژی کۆڕەکە بوون.

لەو سمینارەدا باسێك سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی ئێران لە ماوەی دوو ساڵ پاش رووداوەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لە لایەن خاتوو سەبا فەرزانەوە پێشکەش کرا. بەڕێزیان هەروەها روشی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و پێگەی ژنان و لاوان لە خەبات دژ بە رێژیمی ئیسلامی و شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی و کاریگەریی لەسەر ئێرانی خستە بەر باس.

دواتر بەڕێز هیوا بەهرامی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە نەتەوە بندەستەکان و رۆڵیان لە خەبات دژی رێژیمی ئێران و پاش رووخانی ئەو رێژیمە باسێکی پێشکەش کرد و لەسەر هەلومەرجی ئوپۆزسیۆنی ئێران بەگشتی و رێگەچارەکانی لێك نزیکبوونەوە بۆ پێکهێنانی ئەڵتێرناتیڤ و هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیم دوا.

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی PDKI بە بۆنەی چوارشەممەسووری لە کرماشان و ورمێ

رێکەوتی ٢٣ی رەشەمە، ئەندامان و لایەنگرانی PDKI لە شاری کرماشان بە بۆنەی جێژنی چوارشەممەسووری چالاکیی بەرینی تبلیغاتییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییەدا ئەندامانی حیزب سەدان تراکت و پۆستێری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندییان بڵاو کردۆتەوە و لە سەر دیوارەکانی ئەو شارە دروشمی حیزبی و نەتەوەییان نووسیوە. ئەو شوێنانەی کە ئەندامانی حیزب چالاکییان تێدا بەڕێوە بردووە، بریتین لە:

نەوبەهار، گوزەرنامە، شەشی بەهمەن، فێردۆسی، کەسرا، گەڕەکی دلگوشا، باخی ئەبریشەم و تاقەوسان.

هەروەها رێکەوتی ٢٤ی رەشەمە، ئەندامان و لایەنگرانی PDKI لە گەڕەکی ئیسلام ئابادی شاری ورمێ بە ناردنی باڵۆنگەلێك کە وێنە رێبەرانی شەهید، قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی و هەروەها دروشمی حیزبییان پێوە چەسپابوو، رێوڕەسمی چوارشەممەسووریان رازاندەوە.

## دەیان کەس لە رێوڕەسمەکانی چوارشەممەسووریدا دەستبەسەر کران

رێوڕەسمەکانی چوارشەممەسووری ئەمساڵیش بوونە مەیدانێکی دیکەی بەربەرەکانێی خەڵك لەگەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا و لە چەند شار و ناوچەی کوردستان لە نێوان لاوان و هێزەکانی رێژیمدا تێکهەڵچوون رووی دا و دەیان کەسیش دەستبەسەر کران.

بەپێی راپۆرتی «کوردستان میدیا»، رۆژی چوارشەممەسووری، ٤٠ لاوی خەڵکی دیواندەر، پاش تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیمدا، دەسبەسەر کران. لەو تێکهەڵچوونانەدا شیشەکانی بیناکانی بانکی تیجارەت و میللی شکاون.

هەروەها لە رێوڕەسمی چوارشەممەسووریی شاری پاوەدا ١٠ کەس لە لایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە دەستبەسەر کران و لە تێکهەڵچوونی نێوان ئەو هێزانە و لاوانی پاوەدا پێنج هاووڵاتی و دوو کەس لە هێزی ئینتیزامی بریندار بوون. لە شاری رەوانسەریشدا خەڵك بەرپەرچی هێرشی هێزەکانی رێژیمیان بۆ سەر بەشدارانی رێوڕەسمی چوارشەممەسووری دایەوە و هێرشیان کردە سەر بینای سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی و دووربینە مەداربەستەکانی ئەو شوێنەیان شکاند. لەو تێکهەڵچوونەدا چەندین کەس لە لاوان شاری روانسەر لە لایەن هێزەکانی دژە شۆڕشەوە دەسبەسەر کراون.

لە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشدا سەرەڕای هەڕەشە و گوشاری هێزەکانی رێژیم ئاهەنگەکانی چوارشەممەسووری بەڕێوە چوون.

## بەشداریی هەیئەتی PDKI لە دانیشتنی حیزبی کاری بریتانیادا

رێکەوتی ٢٣ی رەشەمە، هەیئەتێکی PDKI بە سەرپەرستیی کاك لوقمان ئەحمەدی لە دانیشتنی حیزبی کاری بریتانیادا بەشداری کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ نوێنەری ژمارەیەك لە حیزبەکانی بەشداری ئەو دانیشتنە دیدار و چاوپێکەوتنی پێك هێنا.

لەو دانیشتنەدا بەڕێز «لیۆینگستن»، پاڵێوراوی حیزبی کاری بریتانیا بۆ شارەوانیی لەندەنیش بەشدار بوو و لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەکانی خۆی بۆ ئەو شارە و پێویستیی هاوکاری و هاوبیری لەگەڵ حیزبە دۆستەکانی حیزبی کار پێداگری کردەوە.

ژمارەیەك لە حیزبە بەشدارەکانی دانیشتنی حیزبی کار بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیی لەندەن بریتی بوون لە: کۆنگرەی نیشتمانیی ئافریقا، حیزبی سوسیالیستی فەڕانسە، حیزبی دێموکراتی ئیتالیا، حیزبی پۆلیسارییای رۆژئاوای ساحارا.

## بەشداریی نوێنەری PDKI لە بریتانیا لە میزگردێکی تایبەت بە ئێران

بەڕێز لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری PDKI لە بریتانیا، رێکەوتی ١٧ی رەشەمە، لە میزگردێکی تایبەت بە ئێران لە ژێر ناوی «داهاتووی ئێران، ئازادیی فکری، باوەڕ و ئازادیی بەیان» لە پارلمانی ئورووپادا بەشداری کرد.

ئەو میزگردە لە لایەن ئەلێکساندەر ئالڤارۆ، ئەندام پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا لە فراکسیۆنی دێموکرات و لیبراڵەکان و رێکخراوی مێدئێرانی ئاڵمان، بەمەبەستی وەرگرتنی بیرورای بەشێك لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران سەبارەت بە داواکانیان لە داهاتووی ئێراندا پێك هێنرابوو. جگە لە نوێنەری حیزبی دێموکرات، نوێنەری چەندین لایەنی ئایینی، خوێندکاران، رۆژنامەوانان و ئاکادێمیسیەنی ئێرانی لەم سمینارەدا بەشدار بوون.

میزگردەکە لە سێ دانیشتنی جیاوازدا بەڕێوە چوو. دانیشتنی یەکەم و دووهەم تایبەت بوو بۆ نوێنەری لایەنە ئێرانییەکان کە بە مەبەستی گەیشتن بە خاڵی هاوبەش و هاوئاهەنگی و هاوکاریی زیاتر لە نێوان ئەم لایەنانەدا بانگهێشت کرابوون. لەم دوو دانیشتنەدا کاك لوقمان ئەحمەدی رای حیزبی دێموکراتی لەسەر پێویستیی هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتری لایەنەکانی ئوپۆزیسیۆن لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی بە مەبەستی رووخاندنی رێژیم و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیك، فێدراڵ و سێکولار لە ئێراندا شی کردەوە.

دانیشتنی سێهەم تایبەت بوو بۆ باسکردن لەسەر سیستمی دەوڵەتی داهاتووی ئێران و چۆنیەتیی پاراستنی مافە مرۆڤییەکانی هەموو نەتەوە و ئایین و چین و توێژەکانی ئێران.

لە دوایین دانیشتندا نوێنەری حیزبی دێموکرات باسی سیاسەتەکانی PDKIی کرد لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی رووخاندنی رێژیم و جێگیرکردنی سیستمێکی دێموکراتیك، سێکولار و فیدراڵ بۆ ئەوە مافی هەموو نەتەوەکان و پێڕەوانی هەموو ئایینە جیاوازەکانی ئێران دەستەبەر بێت.

## بەشداریی هەیئەتی PDKI لە سمینارێک بۆ بە فەرمی ناسینی کۆمکوژیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق

هەیئەتێکی PDKI لە سمینارێکدا کە لە لایەن نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا، بۆ بە فەرمی ناسینی کۆمکوژیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق پێك هاتبوو، بەشداری کرد.

لەو سمینارەدا جیا لە نوێنەرانی تێکڕای پارچەکانی کوردستان، چەند لۆرد و ژمارەیەك لە نوێنەرانی پارلمانی بریتانیاش بەشدار بوون و لە پێوەندی لەگەڵ کۆمکوژی و ژینۆسایدی کورد وتاریان پێشکەش کرد.

لە سیمناری بە فەرمی ناسینی کۆمکوژیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق، راسپاردەیەك لە کۆکردنەوەی ١٠٠ هەزار واژۆ لەمەڕ بە فەرمی ناسینی ئەو کۆمکوژییانە درایە پارلمانی بریتانیا و لەسەر هەوڵەکانی پارلمانی بریتانیا بۆ باسکردنی ئەو راسپاردە لە پارلمانی ئورووپا و هەروەها رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێداگری کرایەوە.

## دیداری بەرپرسی پێوەندییەکانی PDKI لەگەڵ سکرتێری گشتیی نێونەتەوەیی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش

رێکەوتی ٢٥ی رەشەمە، کاك هیوا بەهرامی، بەرپرسی پێوەندییەکانی PDKI لە ئوتریش لەگەڵ بەڕێز «کارێل دۆفیك» سکرتێری گشتیی نێونەتەوەیی حیزبی سوسیال دێموکراتی ئوتریش دیدار کرد.

لەو دیدارەدا لە بارەی بارودۆخی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی، شانۆی هەڵبژاردنەکانی رێژیم، شیمانەی هێرشی نیزامی لە ئەگەری سەرنەکەوتنی دانووسانەکانی رۆژئاوا و رێژیمی ئێران، رێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست و رۆڵی ئەو رێکخراوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە ئێران، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمیساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، ٢٤ی رەشەمە، رێوڕەسمێك بە بۆنەی ٦٦مین ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن ئەو یەکیەتییەوە لە ساڵۆنی رێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە بەڕێوە چوو.

رێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان و بەتایبەت ژنانی خەباتکاری کوردستان دەستی پێکرد.

پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز ئیلهام چایچی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز سۆران باریکە، ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی رێوڕەسمەکەدا سروودی یەکسانی و چەند گۆرانییەك پێشکەش کران.

## دیداری هەیئەتی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێران فیدراڵ لە ژێنێڤ

رێکەوتی ٢٤ی رەشەمە، هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لەگەڵ بەڕێز «ژان دانیەل ڤینی»، دیپلۆماتکاری سویسی، دیداری کرد.

لەو دیدارەدا نوێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە وردی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی ئێران و نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتە باس و وتووێژیان کرد.

هەیئەتی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە بەڕێزان کەریم عەبدیان، ناسر بوولیدەیی و باوە ئەلیاسی پێك هاتبوو.

## سەردانی هەیئەتێکی کۆمیتەی PDKI لە پارلمانی نورویژ

رێکەوتی ٢٦ی رەشەمە، هەیئەتێکی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ نورویژ، بە سەرپەرستیی بەڕێز عەزیم ئەلیاسی، سەردانی پارلمانی نورویژی کرد و چاوی بە بەڕێز «مورتن هوێگلۆیند»، وتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی حیزبی پێشکەوتنخوازی نورویژ کەوت.

لەو چاوپێکەوتنەدا سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و کوردستان، سیاسەتەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچە، پێوەندییەکانی رۆژئاوا و ئێران و پێگەی مافی مرۆڤ لە سیاسەتەکانی رۆژئاوا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

## نافەرمانی مەدەنیی خەڵکی شنۆ لە رێوڕەسمێکی سەمبۆلیکدا

سەرەڕای گوشاری فەرمانداریی شاری شنۆ و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیم خەڵکی ئەو شارە رێوڕەسمی سەمبۆلیکی «چوارشەممە سووری»یان، بەڕێوە برد.

شایانی باسە رێکەوتی ١٦ی رەشەمە، خەڵکی شنۆ لە حاڵێکدا کە خەریکی ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی رێوڕەسمی سەمبۆلیکی پێش وەختی چوارشەممەسووری بوون، فەرمانداریی ئەو شارە بە تێکڕای دووکاندارەکانی راگەیاندبوو کە هیچ کەس مافی بەڕێوەبردنی وەها رێوڕەسمێکی نیە و هەر دووکانێك ئامرازی پێکهێنانی ئەو رێوڕەسمە دابین بکات سزا دەدرێت.

ئەو رێوڕەسمە هەموو ساڵێك بەڕێوە دەچێ و ئەمساڵیش لە نێو شایی و خۆشیی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی شنۆ بە شێوەیەکی مەدەنی و هێمنانە بەڕێوە چوو.

## بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی PDKI ـ لەندەن، لە سمیناری تەزامون دێموکراتیکی ئەلئەهواز

هەیئەتێکی کۆمیتەی PDKI ـ لەندەن لە سمیناری حیزبی تەزامون دێموکراتیکی ئەلئەهواز، سەبارەت بە «ئاڵوگۆڕەکان لە هەرێمی ئەهواز و ئێران و ناوچەکە»دا بەشداری کرد.

لەو سمینارەدا چەندین کەسایەتیی عەرەبی ئەهوازی، وتار و بۆچوونی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هەرێمی ئەهواز، ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و هەروەها شانۆی هەڵبژاردنەکانی ئەم داواییانەی رێژیم پێشکەش کرد. وتاری کۆمیتەی PDKI ـ لەندەن، لە لایەن بەڕێز «هەمزە بایزیدی»یەوە پێشکەش بە بەشدارانی سمینارەکە کرا.

حیزبی تەزامون دێموکراتیکی ئەلئەهواز، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە.

## بە بۆنەی هەشتەمین ساڵڕۆژی سەرکوتی کوردەکانی سووریە رێوڕەسمێک لە سوئێد بەڕێوە چوو

رێکەوتی ٢٢ی رەشەمە، بە بۆنەی هەشتەمین ساڵڕۆژی سەرکوتی کوردەکانی سووریە لە لایەن کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئێدەوە رێوڕەسمێك بەڕێوە چوو.

لەو رێوڕەسمەدا نوێنەری ئەنجومەنی کوردەکانی سووریە لە کوردستان و نوێنەری ئەو ئەنجوومەنە لە وڵاتی سوئێد و هەروەها نوێنەری چەندین حیزب و رێکخراوی سیاسیی کورد و نوێنەرانی ئوپۆزسیۆنی کوردی سووریە و فیدراسیۆنی هێزە کوردستانییەکان لە سوئێد، بەشدار بوون. لە رێوڕەسمی ساڵیادی سەرکوتی کوردەکانی سووریە لە لایەن رێژیمی ئەو وڵاتەوە، پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە سوئێد، پێکهاتوو لە ٢٧ حیزب و رێکخراوی کورد، لە لایەن کاك مەولوود عەبدیلزادەوە خوێندرایەوە.

## راگواستنی بەندکراوێکی کورد بۆ شوێنێکی نادیار

بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، سەرلەبەیانیی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ١٥ی رەشەمە، بەندکراوێکی خەڵکی شاری مەهاباد بە ناوی ئەرسەلان بورنا لە لایەن بەرپرسانی بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنەوە بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراوە.

بەپێی وتەی هاوبەندییەکانی ئەو بەندکراوە، لەوانەیە ناوبراو بۆ بەندیخانەیەکی دیکە راگوێزرابێ.

ئەرسەلان بورنا، ساڵی رابردوو بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی کوردستانیی دژبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شاری مەریوان دەسبەسەر کرا و لە لایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامییەوە حوکمی شەش ساڵ زیندان بەسەردا سەپاوە.

## دەسبەسەر کرانی چالاکێکی کرێکاری لە سنە

بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «پدرام نەسروڵڵاهی»، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی شاری سنەوە دەسبەسەر و راپێچی بەندیخانە کراوە.

بەپێی سەرچاوەکە «پدرام نەسروڵڵاهی»، لە رێکەوتی ١٨ی رەشەمەی ١٣٩٠دا لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە بانگ و پاشان دەسبەسەر کراوە.

## رێوڕەسمی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە روانسەر بەڕێوە چوو

رێکەوتی ٢٣ی رەشەمە، رێوڕەسمێك بە بۆنەی ٢٤ەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە هۆڵی ئیدارەی ئیرشادی شاری روانسەر بەڕێوە چوو.

لەو رێوڕەسمەدا هونەرمەندان و شاعیران و کەسایەتییە نیشتانپەروەرەکانی شارەکانی روانسەر، پاوە، جوانرۆ و سەلاسی باوەجانی، بەشدار بوون.

لە رێوڕەسمەکەدا چەندین وتار و پارچە شیعری کوردی سەبارەت بە ژینۆسایدی نەتەوەی کورد لە لایەن رووناکبیران و شاعیرانەوە پێشکەش کران.

شایانی باسە پاش شەش ساڵ بۆ یەکەم جار کۆڕیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە شاری روانسە بەڕێوە چوو و ئەمەش بوو بە هۆی خۆشحاڵیی خەڵکی نیشتمانپەروەری ئەو شارە.

# خۆری تەمەنی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە بەرەو ئاوابوونە

## دەقی پەیامی نەورۆزیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI



هاونیشتمانانی بەڕێز!

بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و نوێبوونەوەی ساڵەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیواخوازم ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی ساڵێکی پڕ لە دەسکەوتی سیاسی بۆ گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێران بێ.

نەرۆز پیرۆز بێ لە بنەماڵەی سەبەرزی شەهیدان، هەموو ئەو بنەماڵە خۆشەویستانەی وەفادارن بە ڕێبازی شەهیدەکانیان، پیرۆز بێ لە هەموو زیندانییە سیاسییەکان کە بە تاوانی مافخوازی و بیروبۆچوونی جیاواز ئەم ڕۆژانە لە گۆشەی زیندانەکانی ڕێژیمی دژی ئازادیدا تێپەڕ دەکەن، ورەیان هەروا بەرز و لەشیان ساغ بێ. هەروەها پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان.

بە داخەوە ئێمە ئەمجارەش لە کاتێکدا پێ دەنێینە ساڵی تازەوە کە کۆماری ئیسلامی و ئەقڵییەتە پاوانخوازەکەی هەروا باڵی بەسەر ژیانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەدا کێشاوە، بە هەزاران لاوی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران بە هۆی بیروباوەڕی سیاسی لە بەندیخانەکاندان و ڕۆژانە سێدارە و ئێعدام چاوەڕوانیان دەکا و تەنیا تاوانیان ئەوەیە وەك گرووپی دەسەڵاتدار بیر ناکەنەوە و داوای ئازادی دەکەن.

خوشك و برایانی خۆشەویست!

نەورۆز لای ئێمە ماناکەی لە نوێبوونەوەی سروشت و ئازادی و رزگاری وەرگرتووە، ئازادی و رزگاری لە چنگ زستانی سارد و تاریك بەرە و سەوزایی و سروشتی رازاوە و گەرما و رووناکایی خۆری بەهار. بەڵام مخابن وڵاتی ئێمە زێتر لە سێ دەیەیە لە ژێر حوکمی تاقمێکی خوێنڕێژی دواکەوتوودایە کە نە لە مانای ئازادی تێگەیشتوون و نە خۆری ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنەکان توانیویەتی سەهۆڵبەندانی مێشکی چەقبەستوویان خاو بکاتەوە.

مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکانی ئێرانی و یەك لەوان کوردەکان، خۆشی و بەختەوەری، شادی و جوانی، ئازادی و دێموکراسی لای ئەوان پڕمەترسین و بە هەموو توانایانەوە لە دژی دەوەستنەوە.

ئەحمەد شەهید، ڕێپۆرتێری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوایین راپۆرتی خۆیدا باس لە لەژێرپێنانی مافی مرۆڤی نەتەوەکان هەم لە یاسا و هەم لە کردەوەدا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکات، سەبارەت بە کوردەکان دەڵێ: «بە پێی راپۆرتەکان تا ٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠١١، پازدە تێکۆشەری کورد بە تاوانگەلی وەك، کردەوەی دژی ئەمنییەتی نەتەوەیی، یان فساد لەسەر زەوی یان جاسوسی ڕووبەڕووی حوکمی ئیعدام بوونەتەوە. ئەوان هەروەها ڕووبەڕووی جیاوازیدانانی توندی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری و زەخت و زۆر بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی مڵك و ماڵیان، بێکارکردن و بەرتەسککردنەوەی کۆمەڵایەتی، کولتوری و مافی زمانی بوونەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا، ئەحمەد شەهید باس لە کوشتاری بەکۆمەڵی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد دەکا کە لە شوێنە سنوورییەکان دەژین ... .لە قانوونی ئێراندا کاری قاچاخی ئەو کۆڵبەرانە سزای چەند مانگ زیندان یان جەریمەیەك بەرانبەر بە دەست بەسەرداگرتنی شت ومەکەکانیانە، بەڵام نیگابانەکانی سنوور تەقە لەو کەسانە دەکەن و بەم شێوەیە دەیان کۆڵبەر و ئەسپەکانیان لە ساڵدا دەکوژرێن یان بریندار دەبن.»

ئەوانە نموونەگەلێکی بچووکن لە جینایەتەکانی ڕێژیمێك کە تەنانەت باوەڕی بە یاساکەی خۆیشی نیە و بەزەیی بە حەیوانەکانیشدا نایەتەوە.

خوشك و برایانی بەڕێز!

بەڵام بە هەمووی ئەو زوڵم و زۆرداریییەوە کە کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی ئێران بەڕێوەی دەبا، نیشانەکان پێمان دەڵێن کە خۆری تەمەنی ئەم ڕێژیمە سەدە نێوەڕاستییە بەرەو ئاوابوونە.

ساڵی ١٣٩٠ ساڵی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە بەشێك لە وڵاتانی ناوچەدا بوو، لەو ساڵەدا بەشێك لە گەلانی وەزاڵەهاتوو لە چنگ زوڵم و زۆری دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکان لە ناوچەدا توانییان بە ئیرادەو فیداکاری ڕۆڵەکانیان، خۆیان رزگار بکەن. خەڵکی وڵاتانی میسر، توونس و لیبی لە ریزی ئەم وڵاتانەدا بوون، چاوەڕوان دەکرێ کە هیندێك لە راپەڕینەکانی خەڵك وەك سووریە کە لەو ساڵەدا دەستیان پێ کردووە لە ساڵی نوێدا بە ئامانجی کۆتایی بگەن.

هەر لەساڵی ٢٠١١دا قوربانی و مێحنەتییەکانی خەڵکی باشووری سوودان بە ئاکام گەیشت و لە ریفراندۆمێکدا سەربەخۆیی خۆیان لە سوودان راگەیاند و بوون بە خاوەنی چارەنووسی خۆیان، ئەوانە و دەسکەوتی دیکە بۆ گەلانی ژێردەستی زۆرداری ـ کە جێگای باسی هەموویان لەم وتارەدا نیە ـ پێمان دەڵێن ساڵێك کە تێپەڕ بوو، ساڵێکی پڕ دەسکەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێك لە ئەفریقا بوو. شەپۆلەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە شوێنەواری ناڕاستەوخۆیان لەسەر کۆماری ئیسلامی بە شێوەی نەرێنی و لەسەر ورەی خەڵکی ئێران بە شێوەی ئەرێنی داناوە، هەر بۆیە ڕێژیم بە هەموو توانایەك یارمەتی ڕێژیمی بەعسی سوریە دەدا بۆ سەرکوتی خەڵکی راپەڕیوی ئەو وڵاتە و پاراستنی حکوومەتە سەرەڕۆکەی

بۆ ئەوەی بەڵکوو بتوانێ لانیکەم یەکێك لە ڕێژیمەکانی وەك خۆی لە ناوچەدا رابگرێ.

لەئاستی نێونەتەوەییدا ساڵی ١٣٩٠ تاڵترین ساڵەکانی تەمەنی ئەم ڕێژیمە بوو:

پیلانەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ پێکهێنانی تیرۆر و ناارامی لەملاوئەولای جیهان لەم ساڵەدا زیاتر لە هەموو کاتێك ئاشکرا بوو، بەتایبەت پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستانی سعوودی لە ئەمریکا، رسوایی زیاتر لە هەمیشەی بۆ کۆماری ئیسلامی پێك هێنا.

ئاسەواری گەمارۆکانی نێونەتەوەیی لەسەر ڕێژیم لەم ساڵدا بە تەواوی دەرکەوت، بایی پووڵی ئێرانی لە ماوەی یەك ساڵی رابردوو لە بەرانبەر دۆلاری ئەمریکیدا زیاتر لە ٪٤٠ دابەزی. بەرهەمی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ڕێکخراوی ئۆپێك رایگەیاندووە کە بەرهەمی نەوتی ئێران لە مانگی فێوریەی ئەم ساڵی زایینیدا بە بەراورد لەگەڵا مانگی پێشتر ڕۆژانە ٣٧ هەزار بەرمیل کەم بۆتەوە. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەش لەم دواییانەدا رایگەیاند کە لە شەش مانگی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێ هەناردەی نەوتی ئێران تا یەك میلیۆن بۆشکە کەم بێتەوە، بێجگە لەوانە کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا لە بابەت وەرگرتنی بایی ئەو نەوتەی کە هەناردەی دەکا، بە هۆی گەمارۆی نێونەتەوەیی لەسەر بانکەکانی ئەم وڵاتە تووشی گیروگرفتی گەروە بۆتەوە.

لەم ساڵدا لە نێوخۆی ئێران خەڵك زۆر زیاتر لە پێشوو کۆماری ئیسلامییان ناسی، بە چەشنێك کە لە بەناو هەڵبژاردنەکانی دەوری نۆهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی کە لە ١٢ی رەشەمە بەڕێوەچوو، تەنانەت ڕیفۆرمیستەکانیش کە هەمیشە هێزێکی بەرچاو بوون لە هاندانی خەڵك بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکاندا، بەشدارییان نەکرد، ئەوەش بە مانای نەمانی مەشرووعییەتی ڕێژیم لە ناو کەسانێکە کە پێشتر هێزی وەفادار بە ڕێژیم بوون.

هەر بۆیە ژمارەی خەڵکی بەشدار لە هەڵبژاردن زۆر کەمتر لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بوو و، راگەیاندنەکانی ڕێژیمیش بە بەشداری شەست و چەند لە سەدیی خەڵك هیچ شتێك لەو راستییە ناگۆڕێ.

ئاشکرابوونی یەك لە دوای یەکی گەندەڵییە بێوێنەکانی حکوومەت، پێداگرتنیان لەسەر درێژەدانی سیاسەتە چەوت و شکستخواردوەکانیان یارمەتیدەری بەهێزی دیکە بوون بۆ لەدەستدانی مەشرووعییەتی ئەو ڕێژیمە.

ئەم گرفتانەی کە وەك نموونە ئیشارەمان پێ کرد رەوتێکن کە لە مێژە دەستی پێکردووە، بەڵام لە ساڵی رابردوودا ئاشکراتر بوون و بێگومان لە ساڵی ١٣٩١دا زیاتر کەڵەکە دەبنەوە و ڕێژیم بەرەو هەڵدێر دەبەن، چوونکە ڕێژیم نەك هەر عەقڵییەتی چارەسەری قەیرانەکانی نیە بەڵکوو بۆ خۆی قەیرانخولقێنە و لە نێو قەیرانەکانی

**ساڵێک کە تێپەڕ بوو، ساڵێکی پڕ دەسکەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێک لە ئەفریقا بوو. شەپۆلەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە شوێنەواری ناڕاستەوخۆیان لەسەر کۆماری ئیسلامی بە شێوەی نەرێنی و لەسەر ورەی خەڵکی ئێران بە شێوەی ئەرێنی داناوە**

دەستکردی خۆیدا نوقم دەبێ. بۆیە بەم لێکدانەوە دەتوانین بڵێین ساڵی نوێ و نەورۆزمان پیرۆز دەبێ، لەو ساڵەدا چاوەڕوانی دەسکەوتی سیاسیی زیاتر بۆ گەلەکەمان و خێراتربوونی رەوتی رووخانی ڕێژیم دەبین.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

بە لێکدانەوەی ئەم وەزعە و چاوەڕوانییەکانمان، ئەرکێکی قورستر لە پێشوو دەکەوێتە سەر شانی هەموومان. ئەویش هەوڵدانی زیاترە بۆ یەکریزی و یەکدەنگی، بۆ ئەوەی لە هەمبەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و نەیارانی نێوخۆیی سەنگ و شوێندانەریی زیاترمان بێ و، بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەك و بە بوونی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو و واقیعی، بتوانین لە ئاڵوگۆڕەکانی چاوەڕوانکراوی داهاتوودا هەرچی زیاتر مافە سیاسییەکانی نەتەوەکەمان دەستەبەر بکەین.

لەو پێوەندییەدا ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد بەرپرسایەتیی زیاتریان دەکەوێتە سەر شان و هیوادارین کە هەموو لایەك بە دوور لە دروشمی رەنگاوڕەنگ و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی تەسك، لە راستای بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکاندا ئەرکی خۆیان بە دروستی بەجێ بگەیەنن. گۆمانی تێدا نیە هەوڵی جیدی بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی بوونەتە گرفتی سەر ڕێگای لێك نزیکبوونەوە و لێك حاڵیبوون، لە ئامرازی هەرە سەرەکیی گەیشتن بەو مەبەستەن.

بە بوونی بەرنامەیەکی ئەوتۆ لە لایەن حیزبە سیاسییەکان و پشتیوانیی بێدرێغی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەتوانین چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەش بۆ نەتەوەکەمان بین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو راستایەدا هەنگاو دەنێ و ئامادەیە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بە مەسئوولییەتەوە بەڕێوە ببا.

لەم دەرفەتە کەڵك وەردەگرم و ویڕ□ای پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز لە باقی هاونیشتمانانمان لە ئێران، لەم ڕۆژانە و لە دەسپێکی ساڵی نوێدا پەیامی ئاشتی، تۆلۆرانس و یەکسانییان بۆ دەنێرم. لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا ئەم پەیامەم ئاراستەی ئەوان کرد و ئێستا دووپاتی دەکەمەوە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وەك هەمیشە خوازیاری پێکەوەژیان لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی ئێران بە مافی یەکسانەوەیە، ئەوەش بێگومان لە حاڵیبوونی تەواوی کورد لە ئاڵوگۆڕەکان و سیاسەتی سەردەمییانەی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئێمە هەموومان پێکەوە دەتوانین خەبات بکەین بۆ رووخاندنی ڕێژیم و بینادنانی حکوومەتێکی دێموکراتیك بە پاراستنی مافی بەرانبەری هەموو لایەك، بە شێوەیەك کە ئێران هی هەموومان بێ، هەموومان ئاوەدانی بکەینەوە و هەموومان بیپارێزین. مانای ئەم پەیامە ئەوەیە کە ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە نەتەوەیەك، گرووپێك یان ئایینێك حوکمی دیکتاتۆریی خۆی بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنێ و ئەوان بە هاووڵاتیی دەرەجە ٢ حیساب بکا. نە کورد چی دیکە ئەم ژێردەستەییە قبووڵا دەکا و نە سەردەمی ئەم شێوە دەسەڵاتانە ماوە، بەتایبەت چوارچێوەی ئێرانیش بەم شێوەیە ناپارێزرێ.

ئەمە پەیامێکی گرنگە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ بە بیانووی پاراستنی تەواویەتیی ئەرزیی ئێران هەر چەشنە مافخوازییەکی سیاسی بە تاوانی جیاییخوازی نەتەوەکانی ئێران و یەك لەوان نەتەوەی کورد، سەرکوت بکەن.

هاونیشتمانانی بەڕێز، خوشك و برایانی بەشدار لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی دێرینی کوردان، جارێکی دیکە نەورۆزتان پیرۆز بێ و خەباتتان بەردەوام بێ.

لە ساڵی تازەدا بۆ هەمووتان لەشساغی، رزگاری و داهاتوویەکی گەش بە ئاوات دەخوازم.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٨ی مارس

بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان، سمینارێك لە لایەن یەکیەتییەکانی ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە بەشداریی بەڕێز «حەسەن شەرەفی»، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە سالۆنی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتدا بەڕێوەچوو.
لە سمینارەکەدا، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن بەڕێز «کەریم پەرویزی»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا. دەقی پەیامەکە بە شێوەی خوارەوەیە:

ژنان و کچانی کوردستان!
ژنانی ئێران!

ڕۆژی خۆتان، ڕۆژی جیهانیی ژنتان لێ پیرۆز بێ. پێویستە کە لەم ڕۆژەدا هاوکات لەگەڵ پیرۆزبایی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنەوە لە ئێوەی ژنان و کچانی وڵاتەکەمان، ئاواتەخوازی دابینبوونی ماف و ئازادییەکانتان، کە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی مرۆڤن بین و لەگەڵ ئێوەدا، پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی ژن لە هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازانە بکەین کە بە خەمی هاتنەدیی یەکسانی و بەرابەریی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگا و لە بنەماڵەدان، بکەین.
ڕۆژی جیهانیی ژن، وەکوو ڕۆژێکی سەمبۆلیك و هێما بۆ یادکردنەوە و پێداگرتنەوە لە خەباتی ژنان و تێکۆشانیان لە پێناو گەیشتن بە یەکسانی و بەرابەرییەکی شیاوی مرۆڤ بووە و هەیە و لەم ڕۆژەدا کە بە بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی مێژوو و گەشەکردنی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، لە سەرتاسەری جیهاندا بیر و هزری یەکسانیخوازی و ڕێزگرتنی مرۆیی لە ژنان پەرە دەگرێ، ڕۆژی هەشتی مارس دەبێ بە خاڵی کۆکەرەوەی سەرتاسەریی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە جیهاندا، بۆ ئەوەی کە هەموو کەس و هەموو بەشەکان و هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و گرووپێکی مرۆڤایەتی، بە یەك ڕوانگە و یەك بۆچوونەوە بەو بڕوایە بگەن کە مرۆڤەکان لە هیچ بوارێکەوە، چ لە بواری نەژادی و چ لە بواری جنسییەت و ڕەگەزە و چ لە هەموو بوارەکانی دیکەوە خاوەنی هیچ لە سەرەوەتربوون و مەزنییەك بەسەر ئەوی دیکەدا نین و جیاوازیدانان و هەڵاواردن دەبێ لە هەموو ئاست و لە هەموو بوارێکدا ڕەت بکرێتەوە و بنەبڕ بکرێ.

ژنان و کچانی ئێران و کوردستان!

ئێوە لە وڵاتێکدا و لە ژێر دەسەڵاتی سیستمێکدا دەژین کە سەرەڕای هەموو ستەم و چەوسانەوەیەك کە بە دژی مرۆڤەکان بەڕێوەی دەبا، ژنانی لە بەرچاو زۆر سووك و بێ بەها و بێنرخە و لە بواری بیر و هزرییەوە و لە بواری سیاسەت و یاسا و مافە مەدەنییەکانەوە، دەیەوێ ژن بکا بە کۆیلە و تەنانەت بە ئامراز و شتومەکی بەردەست پیاوان و بۆیە خەباتەکەتان لە دژی ئەم ڕێژیمە و لەم وڵاتەدا دژوارتر و ڕێگای بەردەمتان پڕکۆسپ و ئەستەمترە و هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، ئەرکی شۆڕشگێڕان و تێکۆشەران و ئازادیخوازانی پیاویش قورستر دەبێ کە پشتیوان و هاوخەبات و هاوهەنگاوتان بن.

ژنانی کورد!

ئێوە لەم ڕۆژەدا، لە ڕۆژی جیهانیی ژندا، هاوکات لەگەڵ ژنانی جیهان، هەم دڵنیاتر لە جاران دەبن کە بە خەبات و تێکۆشان دەتوانن بە مافەکانتان و بە یەکسانی شیاوی مرۆڤ بگەن، چوونکە دەبینن ژنانی جیهان لە وڵاتە پێشکەوتوو و ئازادەکاندا بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان و بە پشتیوانی و یارمەتیی پیاوانی یەکسانیخواز، سەلماندوویانە کە کۆتایی بە ئەفسانە و بیرتەسکییەکانی سەدەکانی پێشوو هاتووە کە وایان نیشان داوە و ئێستاش هەندێك بیری دواکەوتوو وای بڵاو دەکەنەوە کە ژن لە سرووشت و لە زات و بنەڕەتی خۆیدا، کەمتر و پەستترە و هەر بۆیە دەبێ ژێردەست و ژێرچەپۆکی پیاو بێ.
ئێوە ژنانی کورد بە ئەزموونوەرگرتن لە خەبات و تێکۆشان و هەوڵدانی ژنانی خەباتکار و سەرکەوتووی جیهان، هەر وەك لە پێشوودا سەلماندووتانە، دەتوانن تێکەڵ بە ئەزموونی خۆتان و کەسانی تێکۆشەری پێش خۆتانی بکەن و بە خۆڕێکخستن و هاوشان و هاوئاهەنگکردنتان، ڕێچکەی ژنانی تێکۆشەر و مافویستی کورد درێژە بدەن کە هاوکات لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەیان، بۆ گەیشتن بە یەکسانی هەوڵیان داوە و هەزینەیان لە پێیناودا داوە. چونکە گەیشتن بە ماف و پاراستنی بەها، نرخی خۆی هەیە و ژنانی کورد سەلماندوویانە کە بۆ ئارمان و ئامانجەکان، ئامادەن نرخی پێویست بدەن و سەلماندوویانە کە نەك لە ژنانی جیهان کەمیان نیە، بەڵکوو ژنانی وایان تێدا هەڵکەوتووە کە دەبێ وەکوو سەمبول و هێمای خەباتی ژنان چاویان لێ بکرێ و نەك بە قسە و دروشم، بەڵکوو لە کردەوەدا نیشانیان داوە کە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی دژوارترین قۆناخ و شێوازەکانی خەباتدا، هاوشانی پیاوان بۆ گەیشتن بە مافی ئینسانی تێکۆشاون.



ژنان و کچانی کوردستان!

لە خەباتی دوور و درێژخایەنتان بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە و بە درێژایی نزیك بە حەوت دەیە خەباتی مافخوازانەی، پاڵپشت و یارمەتیدەر و هاندەری ژنانی کوردستان بۆ سەلماندنی بوونی یەکسانیی خۆیان لە نێو بنەماڵە و لە کۆمەڵگا و لە ڕیزەکانی خەباتدا بوون و لەسەر دەستی پێشەوای نەمر، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات، ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان پێك هێنراوە و ڕێبەرانی ئەم حیزبە بە هەموو توانا و ئیمکانەوە، یارمەتیدەر و پاڵپشتی ژنان بۆ خۆڕێکخستن لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیاندا بوون و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم ڕۆژەدا وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی ژن لێتان، دووبارە لەسەر پرەنسیپە گرنگ و بنەماییەکانی لە پێناو هاتنەدیی ئازادی و بەرابەری و یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا پێ دادەگرێتەوە و جارێکی دیکە ئەو وانە گرینگە چەندپاتە دەکاتەوە کە:
«دێموکرات دژ بە هەر جۆرە چەوسانەوەیەکی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤە و باوەڕی تەواوی بە بەرابەری مافەکانی ژن و پیاو لە نێو بنەماڵە و لە کۆمەڵگادا هەیە».
سەرکەوتن بۆ هەموو ئازادیخوازان و بەتایبەت بۆ خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان
بە ئاواتی هەڵوەشانەوەی سیستمی چەوسانەوە و هەڵاواردن لە سەرتاسەری جیهاندا
بە هیوای هاتنەدیی کۆمەڵگا و سیستمێکی پارێزەری ماف و کەرامەتی مرۆڤەکان لە ئێراندا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٨ی مارسی ٢٠١٢

## ڕۆژەڤ

و: کەریم پەرویزی

### نرخی ئێرانی ئەتۆمی

ڕۆژی ١٢مارسی ٢٠١٢، ماڵپەڕی گلۆب، بابەتێکی «دان یاتۆم»، بەرپرسێکی پێشووی مووسادی بڵاو کردەوە کە تێدا باس لەوە دەکا کە ئێرانێکی ئەتۆمی گرانتر و پڕهەزینەتر تەواو دەبێ بۆ جیهان، یان لێدانی ئێران؟
نووسەر سەرەتا باس لەوە دەکا کە ئێران نابێ دەستی بە چەکی ناوکی بگا و جیهانی ئازاد بە ڕێبەریی ئەمریکا دەبێ هەموو شتێکی پێویست ئەنجام بدەن تا ئێران نەبێ بە ئێرانێکی ئەتۆمی. ئەمە تەنیا داخوازی و ویستێکی ئەساسیی ئیسراییل نیە، بەڵکوو ئەمڕۆ جیهانی ئازاد گەیشتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەمە شتێکی ئەساسی و ژینەکی بۆ کۆمەڵگای جیهانییە. هەروا کە ئۆباما لەم دواییانەدا ڕایگەیاند کە ئەوان ئیجازە بەوە نادەن کە ئێران بە چەکی ناوکی بگا، چوونکە ئێرانی ئەتۆمی تەنیا مەترسی بۆ سەر ئیسراییل نیە، بەڵکوو مەترسییە بۆ سەر ئەمریکا و جیهان.
دانی یاتۆم لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا دەڵێ ئەم بیرکرنەوەی ئێستا، لە ساڵانی ڕابردوودا نەبوو. دەڵێ کە لە ساڵی ٢٠٠٨دا کە ئەو کات ئەندامی پارلمانی ئیسراییل بووە، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە ناردوویان بۆ ئورووپا و وڵاتانی ئورووپایی تاکوو ڕێبەرەکانیان هان بدات و بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە ئێران بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی هەوڵ دەدا و ئێرانی ناوکی مەترسییە بۆ هەبوونی ئیسراییل و ئاشتیی جیهانی.
یاتۆم دەڵێ کە لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکاندا ئێمە باسمان لە پێشکەوتنە نیزامییەکانی ئێران و مووشەکی شەهابی ٣ و کەلاوەی ناوکیی ئەو مووشەکە و تاقیکردنەوەی چاشنیی ئەتۆم و ئەو شتانەمان بۆ کردن، بەڵام لە زۆربەی ئەو دانیشتنانەدا نەمانتوانی کە ئورووپاییەکان بەو قەناعەتە بگەیەنین کە مەبەستمان بوو. ئەگەر ئەو کات جیهانی ئازاد لەگەڵ ئیسراییل هاوڕا بووایە و ئێرانیان گەمارۆی ئابووری بدایە و سزایان بۆ دیاری بکردایە، ئێستا لە بەردەم ئەم پرسیارەدا نەبووین کە ئاخۆ چۆن هێرش بکرێتە سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران؟
نووسەر لە درێژەدا دەڵێ کە ئاخرین ڕاپۆرتی ئاژانسی وزەی ناوکی باسی لە هەموو ئەو شتانە کردووە و ڕاپۆرتی داوە کە ئیسراییل بە چەندین ساڵ پێشتر دەیزانی و باسی کردبوو. ئێستا بەرپرسانی ئورووپایی و وڵاتانی دیکە بڕیاری گەمارۆی ئێرانیان داوە و سیستمی بانکی و فرۆشی نەوتی ئێران گەمارۆ دەدەن و لە ژووئیەی ٢٠١٢دا ئەم گەمارۆیانە وەگەڕ دەکەون. باشتر وایە کە گەمارۆکان کاریگەر بن چوونکە ڕەنگە ببنە هۆی ئەوەی کە ئێران بڕیار بدا کە چەکی ناوکی دروست بکا تا ئەو کاتەی کە گەمارۆکان هێشتا کاریگەریی تەواویان دانەناوە!
دانی یاتۆم لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا دەڵێ کە ئەوەی کە گەمارۆکان کاریگەرییان دەبێ یان نە، ئەوە لە عەمەلدا دەردەکەوێ و ئەگەر نەتوانن ئێران لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی پەشیمان بکەنەوە، ئەوە ئەو کات دەبێ هێرش بکرێتە سەر ئێران.
لە درێژەدا نووسەری بابەتەکە باس لەوە دەکا کە ئێرانی ئەتۆمی چ مەترسیگەلێکی بۆ جیهان و بۆ ئیسراییل هەیە و بەتایبەت کە بەردەوام باسی لە نێوبردنی ئیسراییل دەکەن و بە قەولی خۆیان بە هەزاران مووشەکیان لە لایەن حەماس و حیزبوڵڵاوە ڕوو بە ئیسراییل دامەزراندووە. هەندێك دەڵێن کە درووشمی کۆماری ئیسلامی هەمووی درۆیە و چەکی ناوکیشیان هەبێ لە ئیسراییل نادەن، بەڵام ئەگەر هات و ئەم قسەیە بە ڕاست دەرنەچوو، کێ زەمانەتی ئەوە دەدا کە کۆماری ئیسلامی لە ئیسراییل نادا؟
یاتۆم لە کۆتایی باسەکەیدا دەڵێ کە لەو کاتەدا کە زۆریش دوور نیە، ئەگەر گەمارۆ کاریگەری دانەنا، ئەمریکا دەبێ هێرش بکاتە سەر ئێران و ئەگەر ئەمریکا سستی بنوێنێ، ئیسراییل دەبێ خۆی خۆی بپارێزێ و هیرش بکاتە سەر ئێران.

سەرچاوە:
Globes.co.il

# ٢٤ی ڕەشەمە، پێکهاتەشکێنی و بنیاتنان

■ ناهید حسەینی

بنیاتنانی ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ڕێکخستن و کانالیزەکردنی ئەرك و کار و کردەوەکانی تاقمێك، ڕەگەزێك یان جیلێکی دیاریکراو دێتە ئارا و ئەو بنیاتنەرییە سەرەڕای کانالیزەکردنی کارەکان و سیستماتیککردنیان، مەبەستە سەرەکییەکەی، بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی ئەو جیلە و ئەو تاقم و گرووپەیە و بەشدارکردنیان لە چارەنووسی خۆیاندا.
بنیاتنانی کاری ڕێکخراوەیی یەکێك لە پێناسە سەرەکییەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێڕن و دێموکراتیکە و لەو پەیوەندییەدا تایبەتمەندییەکی گرینگی کۆماری کوردستان هەوڵ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و هەنگاونانە بۆ بەرەوپێشبردن و نزیککردنەوەی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و سیستمە بەڕێوەبەرییە پێشکەوتووەکانیان.
کۆماری کوردستان وەکوو کۆمارێکی دێموکراتیك، هەنگاوی نا بەرەو دامەزراندنی ڕێکخراوەگەلێکی سینفی وەکوو لاوان و ژنان و هەرکام لەو ڕێکخراوانە بە سەرنجدان بە دۆخی پێکهاتنیان لە جێگای خۆیدا تایبەتمەندی و گرینگیی خۆیان هەیە.
پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردەواری لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، نەریتی، باوکسالار و بەستراوە بە باوەکان بووە. کۆمار لە ڕەوتێکی خێرادا بەرەو دابینکردنی مافە دێموکراتیکەکان و بە گشتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیك دەچوو. زۆرێك لەو شتانەی کە تا ئەوسا وەکوو ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، نۆرمی حاکم، داب و نەریتی جێگر و نەگۆڕ پێناسە دەکرا، بەرەو ئاڵوگۆڕێکی خێرا و سیستماتیك دەچوو. بە سەرنجدان بەوەی کە لە وەها کۆمەڵگایەکدا، شکاندنی نۆرمە پیرۆزەکان و تێپەڕین لە هێڵەکانی داب و نەریتی باو و چەسپاو لە مێشکی تاکی نەخوێندەواردا، بەرەوڕووی دژکردەوەی قورس و تا ڕادەیەك پێشگیری دەبووەوە، پێویست بوو تێپەڕین لەو هێڵە سوورانە لە لایەن کەسێکەوە بکرێت کە خاوەنی پێگەیەکی تۆکمە بێت لە ناو خەڵکدا و قسە و کردەوەکانی حوکمی نەگۆڕ و چەسپاوی هەبێت بۆ خەڵك. ئەو کەسایەتییە پێشەوای نەمر قازی محەممەد بوو. پێشەوا ئاوەزمەندانە بیر لە شکاندنی پێکهاتە سوواوەکان و بنیاتنانی سەردەمیانە دەکاتەوە و بە هەستکردن بە پێویستیی ئامادەبوونی ژنان لەو سەردەمە هەستیارەدا و ئەوەی کە هەتا ژنان نەبنە بەشێکی ئەکتیڤ لە بزووتنەوەیەك یان ئاڵوگۆڕێك، ئەو بزووتنەوە یان گۆڕانە دەستەبەر، یان بە تەواوی جێگر نابێت، لە ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان (یەکیەتی یایان) دادەمەزرێنێت.
ئامادەبوونی ژنانی بنەماڵەی خودی پێشەوا لەو ڕێکخراوەدا، دەرخەری ئەو ئەرزشەیە کە پێشەوا بۆ ئەو ڕێکخراوەی داناوە. هەرچەند ئەو ژنانەی لەو ڕێکخراوەدا چالاك بوون بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بەڵام هەر ئەو ڕێژە کەمەش هەوڵی چالاککردن و بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشیاری ژنانیان داوە. لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وتاریان بڵاو کردۆتەوە. لە پەیامی جەژنی سەربەخۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوا وەك سەرۆك کۆماری کوردستان، عیسمەت خانمی قازی لە بەشێك لە پەیامەکەیدا لە لایەن مامۆستایانی «قوتابخانەی کچان»ەوە دەڵێت: «ژنانی کورد زیاتر لە پیاوان هۆگری ئازادین. ئێستاکە لەم بوارەدا دواکەوتووین، دەبێ هەوڵەکانمان لە بواری پێشکەوتندا چڕ بکەینەوە و ڕێگاکەشی پەروەردە و ڕاهێنانی ژنان و کچانە». یان کوبرا خانمی عەزیمی لە بەشێك لە وتارێکی خۆیدا لە ڕۆژنامەی کوردستاندا (ژ. ٣٨) دەنووسێت: «جیاوازیی بیۆلۆژیی ژنان نابێت ببێتە هۆکاری تەریکخستنەوەی ژنان.» باس لە دێموکراسی دەکات و دیاردەگەلێك وەك ناموس و شەرەف لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا شرۆڤە دەکات.
ئازادیی بیروڕا و دەرفەتە بەرامبەرەکان لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا، بەهاگەلێکن کە پێوەرەکانیان لەسەر بنەمای کولتووری کۆمەڵگای خۆیان پێناسە دەکرێن، هەر بۆیەش دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەگەلە، بە تایبەت یەکیەتیی ژنان لەو سەردەمە هەستیارەدا بە سەرنجدان بەو کولتوورانەی ئەرزشە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاری کردووە، پێکهاتەشکێنییەکی لۆژیکی لە سەر بنەمای بنیاتنانێکی باوەڕمەندانە و حەرەکێتێکی مێژوویی جێگەی شانازی بۆ کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوایە.

# (دیاری)

ڕەحیم لوقمانی

هەمووساڵێک لە هەندەران
نەورۆزانە، خەڵک جلوبەرگەکانی خۆیان
پێشکەش دەکەن،
بۆ دانیشتوانی رۆژهەلات
لێرەش لەپاش ئەوەی هەڵیانبژارد،
نەویستەکانی دەفرۆشرێن
بە ڕەش و رووتەکانی وڵات.

دیتم کە وا شاعیرێکی هەژاری سەقز و
خوێندکارێکی مەهابادی، ،
پانتۆڵەکە و کراسەکەی «لۆرکا» یان لەبەردایە،
کەمێ درێژ و باڵا هەراو.
کچێکی تایپیستی کوردی نووسی سنەییم دی
بلووزەکەی کەنیشکەکەی «گادامێر»ی لە بەردایە،
کەمێ تەنگ و باڵا درێژ،
بارانییەکەی رامبۆی شاعیر، گەورە و گوشاد
لە بەرلاوێکی کۆڵبەری سەر سنووری مەریوانە
بەرگی جوانی گیتارەکەی ڤیکتۆرگارایش
هەڵدووراوە بۆ دیوانی خۆشخوانێکی دیاربەکر
مامۆستایەکی هەژاری بۆکانی
کراسە گەورەکەی «چامسکی» پۆشیوە ، کەمێک گوشاد.
هونەرمەندێکی شانۆکاری سنەییش
چەکان چەکان، کەوشەکانی چارلی چاپلینی لە پێدایە...

بەڵام هەرچەند ورد دەبمەوە و
جلو بەرگی حاکمان و پیاوانی دەسەڵات دەبینم،
نە درێژ، نە کورت، نەدەڵپ، تەواو تەواو ،
ئەوەی جوان پڕ بەریانە:
کۆتە رەشەکەی «هیتلێر» و
پاڵتاوەکەی «ستالین»و
پۆتینەکەی «موسولینی» و
کراسەکەی «پینۆشە» یە...




بێ دوان...

# یەکەمین ژنە نووسەری ئێ

سیمین دانشوەر، چیرۆکنووسی بەناوبانگی ئێران، ئێوارەی پێنج شەممە ١٨ی رەشەمە پاش نەخۆشینێکی درێژخایەن لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

رێورەسمی رێز گرتن لە کەسایەتی سیمین دانشوەر رۆژی ٢١ی رەشەمە لە "تالاری روودەکی" تاران کە ئێستا بە تالاری "وەحدەت" ناودێرکراوە لە نێوان ئاپۆرای ئەدیبان و نووسەران و شاعیران و لایەنگرانی خامە بەپێزەکەی بەڕێوە چوو و لە هەمان رۆژدا تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ گۆڕستانی "بەهەشتی زەهرا" و لە شوێنی تایبەت بە هونەرمەندان ئەسپەردە کرا.

سیمین دانشوەر یەکەمین ژنە چیرۆکنووسی ئێران بوو و بە نووسینی رۆمانی "سوو وێشوون" ناوبانگی دەرکرد و هەتا کاتی مردنی بە ناوبانگی شایستە و بەرزەوە ژیا. سیمین دانشوەر ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە شاری شیراز لەدایك بوو. باوکی " محمد علی دانشور" دوکتور بووە و دایکیشی بە ناوی "قمرالسلطنه حکمت" بەڕێوەبەری هونەرستانی کچانە و هەروەها نیگارکێش بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە قوتابخانەی ئینگلیزیی "مێهرئایین" تێپەڕاند و پاشان لە بواری ئەدەبیاتی فارسیدا لە زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندن دا.

سیمین دانشوەر لە سەردەمێکدا دەستی دایە نووسین کە لە ئێراندا ئەدەبیات بە گشتی و چیرۆك نووسین بە تایبەتی لە قۆرخی پیاواندا بوو. " زمستان بی شباهت به زندگی ما نیست " ناونیشانی یەکەمین وتارێکە کە سیمین لە پۆلی هەشتەمی دواناوەندیدا نووسیویەتی.



ئەگەر ئاوڕێك لە کارنامەی سیمین دانشوەر بدەینەوە، پێش هەموو شتێك وشەی "یەکەمین"سەرنجمان رادەکێشێت. یەکەمین ژنی نووسەر. یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکێك کە ناوی ژنێکی وەکوو نووسەر لەسەر نووسرا.

# بەسەرهاتی کولوی بەفر

سەمەد بێهرەنگی

و: ناهید حسەینی

رۆژێکی بەفرین لە پشت پەنجەرەکە وەستابووم و سەیری دەرەوەم دەکرد. کولووە بەفرەکان بەدەم سەماوە دەهاتن و لەسەر هەموو شتێك دەنیشتنەوە. لەسەر پەتی جل هەڵخستن، لەسەر دارەکان، لەسەر دیوارەکان، لەسەر مەسینەکەی لێوار باخچە بچووکەکە، لەسەر هەموو شتێك. کولویەکی گەورە بەرەو پەنجەرەکە دەهات. دەستم لە دەلاقەکە بردە دەرەوە و گرتمە ژێر کولوە بەفرەکە. کولوەکە بە هێمنی لە لەپی دەستمدا نیشتەوە. چەندە سپی و خاوێن بوو! چەند شکڵ و برکەی جوان و رێکی هەبوو! لەبەرخۆمەوە گوتم: بریا ئەم کولوە بەفرە زبانی دەبوو و بەسەرهاتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە!

لەم کاتەدا کولوی بەفر هاتەدەنگ و گوتی: ئەگەر حەز دەکەیت بەسەرهاتی من بزانیت، گوێ بگرە بۆت بگێڕمەوە: من چەند مانگ پێش ئێستا دڵۆپێك ئاو بووم. لە نێو دەریای «خەزەر»دا بووم. لەگەڵ میلیاردەها میلیارد دڵۆپی دیکە ئەملا و ئەولام دەکرد و رۆژم دەبردەسەر. رۆژێکی هاوین لەسەر دەریاکە بۆخۆم دەگەڕام. خۆرەتاوێکی بەتین بوو. من گەرم داگەڕام و بوومە هەڵم. هەزاران هەزار دڵۆپی دیکەش لەگەڵ من بوونە هەڵم. ئێمە لە بێ کێشیی خۆماندا باڵمان گرتبووەوە و بێ ئیرادە بۆ سەرەوە دەکشاین. با کەوتبووە دوامان و بەملاوئەولادا راکێشی دەکردین. ئەوەندە کشاین کە چیدی مرۆڤەکانمان نەبینی. لەهەر لایەکەوە کۆمەڵە هەڵمێك دەهات و خۆی پێوە دەلکاندین. هەندێ جاریش ئێمە روومان لە کومەڵە هەورە گەورەترەکان دەکرد و پێیانەوە دەلکاین و تێکدەئالاین و تێکدەچڕژاین و دیسانەوەش تەنگەبەری یەکتر دەڕۆشتین و دەکشاین و دوورتر دەکەوتینەوە و زیادمان دەکرد و زیاتر تێکدەچڕژاین. هەندێ جار پێشمان بە خۆرەتاو دەگرت و هەندێ جاریش بە مانگ و ئەستێرەکان و ئەوکاتە بوو کە شەومان تاریکتر دەکرد.

بە وتەی هەندێك لە وردیلە هەڵمەکان، ئێمە ببووینە هەور، با تێماندا هەڵیدەکرد و شکڵی سەیر و سەمەرەی لێ ساز دەکردین. ئەوکاتەی وا خۆم لەنێو دەریادا بووم، هەندێ جار هەورەکانم وەکوو شکڵی وشتر و مرۆڤ و گوێدرێژ و ئەوانە دەبینی.

نازانم ماوەی چەند مانگ لە ئاسماندا سەرگەردان بووین. ئێمە زۆر کشابووین و چووبووینە سەرەوە. هەوا سارد ببوو. ئەوەندە تێکچڕژابووین کە چیدی نەماندەتوانی دەست و لاقمان راکێشین. بە کۆمەڵ دەڕۆشتین. من نەمدەزانی بۆ کوێ دەچین. دەور و بەری خۆیشم نەدەبینی. خۆرەتاو دیار نەبوو، وادیاربوو خۆمان پێشمان بە خۆرەتاو گرتبوو. گەلێك بەرفراوان بووین. چەند سەد کیلۆمیتر پانایی و درێژاییمان بوو. دەمانویست ببینەوە بە باران و بگەڕێینەوە بۆ زەوی. من لە خۆشی زەوی ئۆقرەم لێ بڕابوو. ماوەیەکی پێچوو. ئێمە هەموومان نیوە ئاو و نیوە هەڵم بوو. خەریك بوو دەبووینە باران. لە پڕ کەش و هەوا وەها سارد بوو کە من هەڵلەرزیم و هەموو هەڵلەرزان. سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد. بە یەکێکم گوت: چی بووە؟ وەڵامی دایەوە: ئێستە لە زەوی، لەو شوێنەی کە ئێمەی لێین زستانە. دیارە پێدەچێت لە شوێنەکانی دیکە هەوا گەرم بێت. ئەم تەوژمی سەرمایە چیدی ناهێڵێت ببینە باران. سەیرکە! من خەریکە دەبمە بەفر. تۆش هەروەها... هاوڕێکەم نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات. بووە بەفر و بۆ سەر زەوی کەوتە رێ. بەدوای ئەودا، من و هەزاران هەزار وردیلەی دیکەش یەك لە دوای یەك بووینە بەفر و داباریـنە سەر زەوی.

کاتێك لە نێو دەریادا بووم، کێشم هەبوو، قورس بووم. بەڵام ئێستا سووك ببوم، کێشم نەبوو. وەکوو پووش دەفڕیم. هەستم بە سەرماش نەدەکرد. سەرما ببوە بەشێك لە جەستەم. سەمامان دەکرد و دەهاتینە خوارەوە.

کاتێك لە زەوی نزیك بووینەوە، بینیم وا دەکەومە شاری تەورێزەوە. چەندە لە دەریای خەزەر دوور کەوتبوومەوە!

لەو سەرەوە دەمبینی کە منداڵێك خەریکە بە (دەگەنەك)* لە سەگێك دەدات و سەگەکەش دەیقروسکاند. بینیم ئەگەر هەروا بڕۆم یەکڕاست دەکەوتم بەسەر وەها منداڵێکدا، تکام لە با کرد رزگارم بکات و بمبات بۆ شوێنێکی دیکە. با تکاکەمی قبوڵ کرد. هەڵیگرتم و هێنامی بۆ ئێرە. کاتێك بینیم تۆ دەستت بۆ گرتوومەتەوە هەستم کرد خۆشمدەوێی و ...

***

هەر لێرەدا کولوی بەفر دەنگی لێ بڕا. سەیرم کرد بینیم تواوەتەوە.

---

* دەگەنەك: گۆپاڵی نەخشێندراو بە زێڕو زیو

# ێران ماڵئاوایی لە ژیان کرد




بە پلەی قوتابیی یەکەم لە هەموو وڵاتی ئێراندا قۆناغی دواناوەندی تەواو کردووە. یەکەمین ژنی ئێرانی کە کورتە چیرۆکەکانی وەرگێڕدرایە سەر زبانی ئینگلیزی و لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی ئامریکا بڵاو کرایەوە.

سیمین دانشوەر بۆخۆی لە بەرهەمێکیدا بە ناوی"ساربان سرگردان" دەڵێت:" ئەم مەرگە چییە کە بوونی، مرۆڤ ناچار دەکات ئاوڕ لە ژیانی خۆی بداتەوە؟ دەڵێی ژیان بە پێش چاویدا تێدەپەڕێت و مرۆڤ لە خۆی پرسیار دەکات: من لەم ژیانەدا چیم کردووە؟ پرسیار ناکات دەمهەوێ چی بکەم؟ بۆ ئەوەیکە نازانێت کەی سەرەی ئەو دەگات..."

سیمین دانشوەر لەو دەگمەن ژنانەی ئێران بوو کە باری بنەماڵەیی دۆخی خوێندن و پەروەردە کردنی تواناکانی بۆ ڕەخساند. کچی دوکتور محەممەد عەلی دانشوەر بوو و دایکیشی هەم وەکوو ژنێکی هونەرمەند لە بواری نیگارکێشان و هەمیش وەکوو بەڕێوەبەری هونەرستانی کچانی شیراز کاریگەریی تەواویان لەسەر دانابوو و بوواری ئەوەیان بۆ ڕەخساندبوو کە هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی بپەرژێتە سەر هونەری نووسینیش. لەدایك بوونی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمێکی بە تەواوی پیاوسالار لە ئەدەبیاتی ئێراندا. ئەگەر هەنووکە ڕێژەی نووسەرانی ژن ئەگەر لە پیاوان زیاتر نەبێت، کەمتر نییە، لەوکاتەدا کە سیمین دەستی دایە قەڵەم، یەکەمین بوو و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ناوی ئەو ژنانەی لەو سەردەمەدا خۆیان لە گۆڕەپانەکە داوە و یەکەمین کۆمەڵە لە بەرهەمەکانی خۆیان بڵاو کردۆتەوە.

سیمین دانشوەر هاوسەری "جلال آل احمد" نووسەری بەڵام لە نووسیندا وەدوای ئەو نەکەوت و ڕێبازی جیاوازی هەبوو. وەك بۆخۆی لە دیمانەیەکدا باسی دەکات : "لە کاتی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشمدا لەگەڵ جەلال پێم گوت: دەمهەوێ وەکوو سیمین دانشوەر بمێنمەوە و نامهەوێ ببمە سیمین آل احمد."



# کشانی ئەستێرەیەکی مۆسیقای ڕەسەنی ئێران

جەلال زۆلفنون ژەنیار و ئاوازدانەری بەناوبانگی ئێران بە هۆی وەستانی دڵییەوە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٨ی ڕەشەممە لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

جەلال زۆلفنون ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە شاری «ئابادە» لەدایك بووە و لە تەمەنی ١٠ ساڵانەوە لە لای باوکی فێری ژەنینی ویۆڵۆن بووە. لە تەمەنی مێرمنداڵیدا دەچێتە هونەرستانی نەتەوەیی مۆسیقا و ژەنینی ئامێری سێتار فێر دەبێت.

زۆلفنون لە یەکەمین خوێندکارانی بواری مۆسیقا لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی تاران بوو. ناسینی نوورعەلیخانی بروومەند و داریووش سەفوەت بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ مۆسیقای ڕەسەنی ئێرانی ئاشنا بێت و هۆ بداتە ئامێری سێتار و ببێتە شاگردی ئەحمەدی عیبادی. پاش کۆتایی هاتنی خوێندنەکەی لە ناوەندی پارێزگاری کردن و پەرەدان بە مۆسیقای نەتەوەیی وانەی مۆسیقای وتەوە و لەو بوارەدا خاوەنی چەندین کتێبی ڕاهێنانی ئامێری سێتارە و هەروەها لە بواری ژەنینی سێتاردا خاوەنی مەکتەبێکی تایبەت بە خۆیەتی کە بە مەکتەبی زۆلفنون دەناسرێت. ناوبراو لەگەڵ تۆمارکردنی ئالبۆمی »گل صد برگ« لەگەڵ هونەرمەندی کورد شەهرام نازریدا گەییشتە لووتکە. ئەو ئالبۆمە بە هۆی کەڵك وەرگرتنێکی تایبەت لە ئامێری سێتار بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی مۆسیقای ئێراندا دێتە هەژمار.

## « هێشتا هەموو جادەکانی جیهان بەشی سەرگەردانیم ناکەن !!! »

موحەممەد موەفەقی

بەر لەوەی ئاوێنەکان
ئاوا بوونی پەپوولەیەک لە رووبەری ماچەکانتا
تا پەراوێزی ئەم پاییزە و دەم وچاوت وەنەوز
بدەن
بەر لەوەی کاتژمێرەکان
بە ڕێژەی لە سەدا زۆر / لە سەدا سەوز
زۆرتر لە خۆشم ئەوێی و
سەوزتر لەدەستەکانی کازیوەییت
پڕ لە ئیمان و چۆلەکە
بە کاتی پەنجەرە و هێڵی ئێستوا
لە نێوان ئەم دێڕە و پردێکا دابەشکەن
بەر لەوەی سەربازانی بێ سێبەر
لە سەر سنووری «با» / بەرەو ئاڵۆز
ئەولاتر لە نیشتمان و حەجمێک لە کاول
گاڵتە بە گۆرانیەکانی فریشتەیەک بکەن
کە هاوتەریبی هەتاو / تا ڕێکەوتی تاوان و
گۆڵەبەرۆژە
فاڵش تر لە گریانی ئێمە دەچوو !
بەر لەوەی لە دەرفەتی باویلکەیەکدا
کە خەڵتانی کۆچە و گەردەلوول
بە پێناسەی کراسەکەی تۆ
هەناسەم پڕ بێت لە بێقەرار و ڕۆمانتیک
یان بەر لەوەی تفەنگەکان
تف لە مەلەکووتی ئاسمان کەن
لە بیرەوەرییەکانی مەلێکی غوربەتیدا
روو لە ئەگەر و تا سەرگەردان
تەنیا چرکەیەک مەودا هەیە
کە دوور لە چاوی پۆلیس و کامێرای شاراوە
بزەیەکی سێ لە چوار لە مناڵییەکانی تۆ بدزم و
دەسبەجێ لە گەڵ ئیزراییلدا
بۆ سەر پەروەندەی ون بووی چارەنووسم
عەکسێکی یادگاری پێوە بگرم
وەک جادە و عەکسی گاری لە یادی ئەسپێکدا
وەک کوڕێکی سیگاری لە یادی مەرگێکدا
وەک منێکی ئێجباری لە یادی تۆیێکدا
کە هێشتا هەر هەموو جادەکانی جیهان
بەشی سەرگەردانیم ناکەن
تا ناونیشانی ئەو چولەکەی
کە لە خەوەکانی تۆ دەهاتەوە
ئێستەش هەناسەت دوا مەنزڵمە تا ئەبەد
لە ژێر ئاسمانی نەقاشییەکانمدا
کە مشتێک ڕەنگم لە چاوی تۆ بۆی قەرز کردووە...
ئەزانی ؟!!!

BLOG
www.awangard.blogfa.com

# کارەساتێکی مرۆڤهەژێن و سەرکەوتنێکی مێژوویی

## وتووێژێک لەمەڕ رووداوی هەڵەبجە و دەربازبوونی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات



■ وتووێژ: ناسر ساڵحی ئەسڵ

**لە جەرگەی رووداوی شیمیایی بارانی هەڵەبجەدا، ٨٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتنە هەلومەرجێکی دژوارەوە و هەم شیمیایی بارانی ناوچەکە و هەم تۆپبارانی پەیتاپەیتای کۆماری ئیسلامی، گیانیانی بە تەواوی خستبووەتە مەترسییەوە. سەرەنجام ئەو کادر و پێشمەرگانە لەوپەڕی ناباوەڕیدا دەرباز بوون. ئێستا ٢٤ ساڵ بەسەر رووداوی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێ و بەم بۆنەوە و مەبەستی تاوتوێی ئەو رووداوە مێژووییە، رۆژنامەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز موحەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هێناوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ رادەکێشین.**

«کوردستان»: بەڕێز کاك موحەممەدنەزیف قادری، ٢٤ ساڵ بەسەر رووداوی دەربازبوونی ٨٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە جەرگەی رووداوی شیمیایی بارانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێ. بەڕێزتان ئەوکات یەکێك لە بەرپرسانی ئەوکاتی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ دەربازکردنی ئەو ژمارە کادر و پێشمەرگەی حیزب بووی. دەکرێت لە سەرەتادا لەسەر چۆنیەتی و ئامانجی ئەو شەڕە قسە بکەن؟

وەڵام: لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی رەشەمەی ١٣٦٦ی هەتاویدا درێژەی شەڕی ٨ ساڵە و ماڵوێرانکەری دوو رێژیمی دیکتاتۆر و کۆنەپەرستی ئێران و عێراق کە بووە هۆی کوژران و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەم دوو وڵاتە و خاپوورکردن و وێرانبوونی شار و شارۆچکە و ئاواییە سنوورییەکانی هەر دوو وڵات، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ٢ ساڵ بوو بە شێوەی ئاشکرا و نهێنی لە هەوڵی کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لە بەرەکانی شەڕی دوو وڵات بوو.

بۆ ئەو مەبەستەش بە هەڵسەنگاندنی ناوچەکانی سنووری هەورامان و جوانڕۆ و گرینگیی مەڵبەندی شارەزوور و هەڵەبجە لە گۆڕینی باڵانسی هێز بە لای خۆیدا، لە بەرەبەیانی رۆژی ١٣٦٦/١٢/٢٤ی هەتاوی، لە چەند میحوەرەوە هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر شار و شارۆچکەکانی هەڵەبجە و هەورامان و مەڵبەندی شارەزوور بە هاوکاری و پاڵپشتیی هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەم میحوەرانەوە دەست پێکرد:

ـ لە هەورامانەوە لە بەرزاییەکانی دەرەتفێ، پەروێنێ، هاوار و بەرزاییەکانی ئاوایی گاکوژە

ـ لە رێگەی مەریوانەوە لە بەرزاییەکانی شاخی تەتە و ئاواییەکانی هانەگەرمەڵە و شارۆچکەی بیارەوە

ـ لە بەرزاییەکانی ئاوایی ئەحمەدئاوا و داوێنی شاخی سوورێن و ...

ـ لە بەرەی جوانڕۆ و باینگانەوە، لە ئاوایی سازان و بۆین و بەرزاییەکانی مەگڕ و باڵامبۆ و شنرۆێ

ـ لە بەرەی قەڵای شەمێران و چۆمی سیروان و ئیمامی زامنەوە

ئەم هێرش و پەلامارە بە رادەیەك بەربڵاو بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا تەواوی مەڵبەندی شارەزوور و هەورامانی لە خۆ گرت و ئاور و بڵێسەی شەڕەکە هەموو ناوچەکەی گرتەوە. لەم هێرشەدا هەرچەند ئەرتەشی عێراق و هێزی هەوایی تەواوی هەوڵی خۆیان دا پێشی ئەم پەلامارە بگرن و تێکی بشکێنن، بەڵام بە چەند هۆیەکەوە نەیانتوانی لە بەربەرەکانێیەکاندا سەرکەوتوو بن. لێرەدا دەتوانین بە دوو هۆی سەرەکی ئاماژە بکەین. پێوەندیی بەشێك لە فەرماندەرانی نیزامیی عێراق بە ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی عێراق و پەیوەندیی چەکدارە کوردەکان بە هێزەکانی بەرەی کوردستانی و ... . رێژیمی ئێران کە لە بەرەکانی شەڕی باشوور و ناوەڕاستدا لە بەرانبەر هێزەکانی ئەرتەشی عێراق دامابوو و تووشی چەندین بەزین لەم هێزانە هاتبوو و جگە لەمانەش هێزی هەوایی عێراق بەردەوام شارەکانی ئێرانی بۆمباران دەکرد و هێزی هەوایی ئێران توانای کەمترین بەرەنگاری لە بەرامبەردا نەبوو، کەوتنە بیری کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لەم شەڕەدا و رێکخستنی شەڕی نێوخۆیی لە بەرامبەر هێزەکانی عێراقدا و بۆ ئەم مەبەستەش بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی جوغرافیایی و نیزامیی ناوچەکە ئەم مەڵبەندەیان هەڵبژارد. ئەگەر بە کورتی ئامانجەکانی ئەم هێرشە ئاماژە پێ بکەین بریتی بوون لە:

١. کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لە شەڕ و کشانەوەی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە باشوورەوە بۆ کوردستان و گۆڕینی باڵانسی هێز بە قازانجی هێزەکانی ئەرتەشی ئێران.

٢. دەستبەسەرداگرتنی بەنداوی دەربەندیخان و پچڕانی پێوەندیی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لە فەرماندەیی ناوەند و پێشڕەوی بەرەو بەرزاییەکانی شاخی قەرەداغ و نزیکبوونەوە بە مەبەستی زەربەلێدان لە بیرە نەوتەکانی شاری کەرکوک.

٣.هەروەها ئامانجێکی رانەگەیەندراوی دیکەی ئازادکردنی بە نێو بەشێك لە خاکی کوردستان و راگەیاندنی حکومەتێکی بەدیل لە چەشنی خۆی بۆ عێراق و یارمەتیکردن بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بە مەبەستی رووخاندنی رێژیمی بەعس.

هەروەها کە لە رۆژەکانی ئەوەڵی شەرەکەدا هێزەکانی ئێران بە پاڵپشتی هێزەکانی بەرەی کوردستانی توانییان دەست بەسەر شاری هەڵەبجەدا بگرن و مەڵبەندی شارەزوور و پردی زەڵم کە لە بواری نیزامییەوە گرینگییەکی زۆری هەبوو بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و بەربەرەکانێی ئەرتەشی عێراق تێك بشکێنن، ئەم وەزعە کە بۆ ئەرتەشی عێراق تەحەمول نەدەکرا و مەترسی پێشڕەوییان بۆ شارەکانی دیکەی کوردستانی عێراق بوو، بە شێوەیەکی لە ناکاو و دوور لە هەموو رێوشوێنە مرۆییەکان لە ئێوارەی رۆژی ١٣٦٦/١٢/٢٥ بەرامبەر بە ١٩٨٨/٣/١٦، هێزی هەوایی عێراق شاری هەڵەبجەی شیمیایی باران کرد و زۆر بێبەزەییانە شوێنە مەدەنییەکانی شاریان کردە ئامانجی خۆیان و زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە ژنو منداڵ و پیر و گەنجی ئەم شارە و ...یان شەهید کرد و تاوانێکی وایان ئەنجام دا کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مەگەر نازییەکان دەرحەق بە جوولەکەکان ئەنجامیان دابێ. هێزەکانی سپای پاسداران و ئەرتەشی ئێرانیش بە شێوەیەکی دیکە و خراپتر لە هێزەکانی ئەرتەشی عێراق کەوتنە گیان و ماڵی ئەم خەڵکە لێقەوماوە و تووشی چارەنووسێکی تاڵتر لە شیمیایی بارانیان کردن و بە سەدان کەس لە رۆڵەکانی ئەم مەڵبەندەیان کردە قوربانیی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانیان.

«کوردستان»: لەو هێرشەدا ئامانجیان بەنیسبەت حیزبی دێموکراتەوە چی بوو؟ چۆن بوو کە سەرەڕای شیمیایی رێژیمی بەعس لە لایەکەوە و تۆپبارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، ئەو هێزە دەرباز بوو؟

وەڵام: لە هەڵبژاردنی ئەم بەرەیە لە شەڕدا خاڵێکی سەرەکی و ئامانجێکی گرینگی ئەوە بوو کە بە حیسابی خۆی گورزێکی کاریگەر لە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوەشێنێ، ئەویش دەگەڕایەوە بۆ ئەوە حیزبی دێموکرات لە مەڵبەندی هەورامان و جوانڕۆ هێزێکی فەعال و چالاکی بوو، بنکە و بارەگایەکی رێکوپێکی دامەزراندبوو و لە راستیدا دەسەڵاتی ئیداری نەوسوود و ئاواییەکانی ئەو بەشە لە هەورامانی لەدەستدا بوو. قوتابخانەی بۆ خوێندنی زمانی کوردی کردبووەوە و شوورای بۆ ئاواییەکانی ئەو بەشە لە هەورامان دانابوو و کۆمەڵێك هەنگاوی بەکەڵکی هەڵگرتبوو کە سەرنجی هەموو دۆستان و دڵسۆزانی کورد و هەواڵنێرە خارجییەکانی بۆ لای خۆی راکێشابوو. بە کورتی سیمایەکی پێشکەوتوو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد بە رێبەریی حیزبی دێموکرات بوو.

ئەم وەزعە جگە لەوەیش بوو کە رێژیم تا ئەو کاتە بە دەیان جار هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو جارێك تێك دەشکا و بە بەکوشتدانی ژمارەیەك لە هێزەکانی سەرشۆڕانە پاشەکشەی دەکرد. بەم وەزعەوە و بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی سیاسیی حیزبی دێموکرات و توانایی رووبەڕووبوونەوە لە بەرانبەر هێزەکانیدا، لە شەڕی هەڵەبجەیشدا یەکێك لەو ئامانجانە ئەوە بوو ئەو ناوچەیە بگرێتەوە و هێزەکانی حیزب تووشی زیانی گیانی بکا.

ئەوە بوو کە لەو هێرش و پەلامارەدا و لە دەستپێکی شەڕەکەدا کە لە بەیانیی رۆژی ١٣٦٦/١٢/٢٤، هێزێکی زۆری بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ و هێزەکانی جنووبی کوردستانی حیزبی دێموکرات کە لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون رەوانە کرد و بێپسانەوەش تۆپخانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەنگەرەکانی پێشمەرگە و ئاواییەکانی ناوچە نەوسوودیان لە ژێر ئاور گرتبوو.

لەم هێرشەدا هەر وەك چاوەڕوان دەکرا، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پشتیوانیی هێزی بەرگری کە لە خەڵکی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەری ئەو ناوچەیە پێکهاتبوو، هێرشەکانی هێزەکانی رێژیمیان لە تەواوی بەرەکانی شەڕدا تێکشکاند و لەو بەرگریکردنەدا هێزێکی زۆری رێژیم کوژران و لە بەرانبەر فیداکاری و لەخۆبوردوویی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا خۆیان رانەگرت و پاشەکشەیان پێکرا.

دوای ئەو تێکشکانەی هێزەکانی رێژیم چەند جاری دیکە بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هێرشیان کردەوە و هەموو جارێك لەگەڵ بەربەرەکانێی قارەمانانەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات بەرەوڕوو دەبوون و بە دانی ژمارەیەك کوژراو و بریندار پاشەکشەیان دەکرد، تا لە بەرەکانی هێزەکانی عێراقدا پێشڕەوییان کرد و پردی گرینگی «زەڵم»یان گرت و بە تەواوی رەوشی شەڕەکە گۆڕا. لەو بارودۆخەدا هێزەکانی حیزبی دێموکرات کە پێك هاتبوون لە هێزی شاهۆ و هێزی زاگرۆس، هێزی ٢ی رێبەندان و هێزی بەیان، بە پێی بەرنامەیەکی رێکوپێك خۆیان گەیاندە ئاواییەکانی لای هەڵەبجە و پاش هەڵسەنگاندن و شناساییکردنی وەزعییەتی بەرەکانی شەڕ و خۆڕێکخستنەوە بۆ ئەگەری هەر پەلامارێکی هێزەکانی رێژیمی ئێران، سەرەنجام شەوی ١٣٦٧/١/١ی هەتاوی، بە حەرەکەتێکی شۆڕشگێڕانە خۆیانیان گەیاندە شوێنی دیاریکراو و توانییان بە بێ دانی زیانی گیانی خۆیان دەرباز بکەن.

«کوردستان»: دەکرێت باسی هاوکاری یان یارمەتیی ئەو هێز و لایەنە کوردستانییانە بکەیت لەو پێوەندییەدا؟

وەڵام: خاڵی سەرەکی دەربازبوونی هێزەکانی حیزبی دێموکرات، شارەزایی بە وەزعییەتی جوغرافیایی ناوچەکە بوو، جگە لەوەش، فەرماندەیی ئیرادەی قایم و باوەڕبەخۆبوونی هێزەکانی حیزب، پێوەندیی رێکوپێك لەگەڵ رێبەریی حیزب بوو. هۆیەکی دیکەی ئەم سەرکەوتنە پێوەندیی رێبەریی حیزب و بەرپرسانی ئەو هێزەی حیزب لەگەڵا بەرپرسانی بەرەی کوردستانی و فەرماندەرانی عەمەلیاتیی هەڵەبجە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە لە بواری نیزامییەوە بە کردەوە هیچ هاوکارییەکمان نەکرا، بەڵام لە بواری ئینسانی و یارمەتیکردن بە بنەماڵە ئاوارەکان هاوکارییان کرد و کۆمەڵێکی بەرچاو لە خەڵکی ئاوارەیان بۆ راگوێزران بۆ شوێنی ئارام و دوور لە شەڕ یارمەتی کرد. بە گشتی وێڕای ئەو بشێوییە کە لە ناوچەدا پێکهات هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاستی بەرپرسایەتیی نەتەوەییان جێی شانازییە. ئەو شەڕە بۆ گەلی کورد و خەڵکی نیشتمانپەروەری هەڵەبجە کارەساتێکی گەورە و لەبیرنەکراوە، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە پیلانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی پووچەڵ کردەوە و هێزێکی گەورەی لە داوی رێژیم رزگار کرد، سەرکەوتنێکی مێژووییە و داستانێکی پڕ لە شانازییە.

# تەیموور مستەفایی:
# تەحریمی هەڵبژاردن لە کوردستاندا سەرکەوتوو بووە

■ وتووێژ: سەلام ئیسماعیلپوور



هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، سەرەڕای گوشار و هەڕەشە و پیلانەکانی ڕێژیم بۆ بەشداریکردنی خەڵك لەم شانۆگەرییەدا، لەگەڵ تەحریمی بەربڵاو لە لایەن خەڵکی شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە بەرەوڕوو بوو. ئەم هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان وەڵامدانەوەیەکی شیاو بۆ بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزب و ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکەی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بوو کە بە هەڵبژاردنی سیاسەتی تەحریمی چالاکانە، داوایان لە خەڵك کردبوو وشیار و خۆڕاگر بن و نەکەونە داوی شانۆسازییەکانی ڕێژیمی قەیرانلێداوی کۆماری ئیسلامی بۆ نیشاندانی سیمایەکی ڕەوا و دێموکراتیك لە خۆی لە پێش چاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا. بۆ ئاگاداربوون لە ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنە و وەڵامدانەوەی خەڵکی کوردستان بە بانگەوازی تەحریمی بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم و هەروەها ڕوونکردنەوەی بەشێك لە چەواشەکارییەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز کاك تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێك هێناوە کە سەرنجی خوێنەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» بۆ دەقی ئەم وتووێژە ڕادەکێشین:

پرسیار: بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێوە، تەحریم تا چ ڕادەیەك توانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا سەرکەوتوو بێت؟

وەڵام: وەك دەزانن، هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە بۆ ڕێژیم گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم کە لە نییەتی خەڵك بۆ بەشدارینەکردن لەم شانۆسازییەدا تێگەیشتبوو، بەتەواوی ترسی لێ نیشتبوو و لە چەند چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنی ئەم دەورەیە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگییەکی تایبەتی هەیە و داوای لە خەڵك کرد لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەن و تەنانەت بەشداری لە هەڵبژاردنی بە ئەرکی شەرعی دانا، لە بەر ئەوەی باش دەیزانی کە ڕەوایی ڕێژیمەکەی بە تەواوی چووەتە ژێر پرسیار و بەشداریی زۆری خەڵکی لەو هەڵبژاردنەدا بە پێوەرێك بۆ بە ڕەوا نیشاندانی ڕێژیمەکەی دەزانی.

لە چوارچێوەی ئەم سیاسەت و نیگەرانییەدا بوو کە بەرپرسانی ڕێژیم دەست بەکار بوون و بە کەڵکوەرگرتن لە جیاوازی ( نەتەوەیی، زاراوەیی، تایفەیی و ... ) و بە درووستکردنی کێبڕکێیەکی درۆیینە لە نێوان کاندیداتۆرەکاندا، گوشار بۆ سەر مووچەخۆرانی حکوومەتی، هەڕەشە لە کەسانی ژێر چەتری کۆمیتەی بەناو «تامین اجتماعی»، هەڕەشەی بڕینی یارانەکان و دەیان تەرفەندی دیکە هەوڵیان دا خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ڕابکێشن.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە ڕێگای ژمارەیەك لە چاودێرانی سەر سندووقەکانی دەنگدانەوە بە دەست ئێمە گەیشتوون، ڕادەی بەشداریی خەڵك زۆر کەم بووە کە دیارە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازی هەبووە. بۆ وێنە لە حەوزەی هەڵبژاردنی سنە، کامیاران، دیواندەرە کە دەبا ٢ نوێنەر هەڵبژێرابان، هیچکام لەو نوێنەرانە لە دەوری یەکەمدا سەرنەکەوتن و ڕادەی بەشداری لە خوارەوەی ٢٠٪ بووە، بەڵام شوێن و جێگای دیکەش لە کوردستاندا هەبوو کە ڕادەی بەشداری تا نزیکەی ٤٠٪ گەیشتووە. بە بەراوردی ئێمە لەسەر یەك ڕادەی بەشداری لە نێوان ٢٥٪ تا ٣٠٪ بووە. بۆیە دەتوانین بڵێین سیاسەتی تەحریمی هەڵبژاردن لە کوردستاندا سەرکەوتوو بووە. بێگومان گوشار و هەڕەشە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم شوێندانەرییان لەسەر بەشداریی ژمارەیەك لە خەڵك لەو هەڵبژاردنەدا هەبووە، دەتوانم بڵێم ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتێك لە ئارادا بایە، ڕێژیم و دەستوپێوەندەکانی تووشی شکستێکی گەورەتر لەوە دەبوون و خەڵك بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر بەشداریی ئەو بەناو هەڵبژاردنە دەبوون.

پرسیار: چەواشەکارییەکانی ڕێژیم بۆ نیشاندانی بەشداریی بەربڵاوی خەڵك بە ڕاگەیەنەکان چی بووە و چ کاریگەرییەك لەسەر بیروڕای گشتیی نێوخۆیی و جیهانی دادەنێت؟

وەڵام: بەپێی زانیارییەك کە لە چەند ڕۆژ پێشترەوە بەدەست ئێمە گەیشتبوو، ڕێژیم بە ناوەندەکانی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنی ڕایگەیاندبوو کە ڕێژەی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردندا هەرچەندە بێت، ئەوان دەبێ لە ٦٠٪ بەرەوسەرتر ڕابگەیەنن و ئێمە ئەم پیلانەمان ڕۆژێك پێش لە هەڵبژاردن لەقاو دا کە دەزانین ڕێژیم پاش هەڵبژاردن ڕێژەی بەشداریی ٦٤٪ی خەڵکی لە هەڵبژاردندا ڕاگەیاند کە دیارە پاش کۆتایی هەڵبژاردن ئەو ئامارسازییەی ڕێژیم بەتەواوی لەقاو دراوە و بۆ نیشاندانی ئەو ئامارسازییە درۆینەیە تەنیا دوو نموونە لەو ئامارسازییانە دەخەمە بەرچاو:

١ـ ڕێژیم لە پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا ڕایگەیاندبوو لە ئیلام ٣٧٣ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە، لە پاش هەڵبژاردن، ڕێژیم ڕایگەیاند کە لە شاری ئیلام ٣٨٠ هەزار دەنگ ڕژاونەتە سندووقەکانی دەنگدان، واتە ٧ هەزار دەنگ زیاتر لە ئاماری ئەو کەسانەی کە بۆیان هەبوو دەنگ بدەن.

٢ـ لە حەوزەی هەڵبژاردنی میاندواو، شاهین دژ، تیکاب کۆی دەنگەکانی ٢٢٦٩٢٠ کەس ڕاگەیاندبوو کەچی لە وردکردنەوەی دەنگەکاندا (ڕوحوڵڵابەیگی ئیلانو ٧٩٢٩٦ دەنگ، مەهدی عیسازادە ٧٥٤٨١ دەنگ، جەهانبەخشی موحێبی نیا ٥٤٧٥٦ دەنگ، موحەممەد میرزایی ٥٢٩٦٢ دەنگ، ڕەحمان حەمدی دوورباش ٢٥٣٧٦ دەنگ، کەرەمعەلی مورادی سەرکارئاباد ١٧٢٣٠ دەنگ، عەلی نەقی جەهانی ٦٥٣٣ دەنگ، ئیسحاق عابێدی خەلوەت ٣٦٥١ دەنگ، عەلی ئەحەدی وەند یاریجان سەفلی ١٤٢٩ دەنگ، نادر شەریفی حەیدەرئاباد ٤٤٧ دەنگ کە سەرجەم دەکاتە ٣١٧١٦١ دەنگ کە ٩٠٢٤١ دەنگ زیاتر حیساب کراوە، واتە ساختەکارییەکە بەتەواوی ڕوونە.

بواری دیکە کە ڕێژیم کاری لەسەر کرد، کەمکردنەوەی ناوەندەکانی هەڵبژاردن بوو بۆ ئەوەی بتوانێ خەڵکێکی زیاتر لەو ناوەندانە کۆ بکاتەوە تا لە ڕێگای دووربینەکان بەهۆی کاناڵە ئاسمانییەکانییەوە نمایشی سەفی دوورودرێژی ناوەندەکانی هەڵبژاردن پیشانی دنیا بدات و بەم چەشنە ژستی ڕەوایی پێوە بگرێ. بەڵام بە خۆشییەوە بەشدارانی بەردەم ناوەندەکانی دەنگدان بە ڕادەیەك کەم بوون کە نەیتوانی ئەم کارە بەڕێوە ببات و تەنیا لە نێو هۆڵەکانی هەڵبژاردندا لە کەسانی لەپێشدا دەستنیشانکراوی خۆیان چەند پرسیارێکیان دەکرد و ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی ساردوسڕیی بازاڕی شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیم بوو. بە خۆشییەوە دنیایش لە شانۆیی بوونی هەڵبژاردنی ڕێژیم ئاگادار بوو، هەر بۆیە لە دوای ڕاگەیاندنی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دەوڵەتانی وەکوو بریتانیا، فەڕانسە، ئەمریکا و زۆر لە وڵاتانی دیکەش ئەم هەڵبژاردنەیان بە درۆیینە و ساختە ناو برد کە ئەمە نیشانەی تێگەیشتنی بیروڕای جیهانی لە شانۆیی بوونی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمە.

پرسیار: کاریگەرییەکانی تەحریمی هەڵبژاردن لەسەر داهاتووی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران بەگشتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەتایبەتی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

وەڵام: وەڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵك بە بانگەوازی تەحریمی هەڵبژاردن نیشاندەری ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانە کە لە نێو هەناوی تاك بە تاکی گەلانی ئێراندا لە دژی ڕێژیمی سەرکوتکەر و کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی بەدی دەکرێت و ئەو پەیامە بە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی دەگەیەنێت کە زەمینەی زەینیی گۆڕینی ئەم ڕێژیمە بە تەواوی ئامادەیە و ئەم بزووتنەوەیە پێویستە هەنگاوی دوایی و بەکردەوە لە پێناو ڕێکخستنی کۆمەڵانی ناڕازیی خەڵکدا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هەڵبگرێت.

ئەم ئەرکە پێش لە هەموو شتێك پێویستی بە یەکگرتنی ئۆپوزیسیۆنی دێموکراتیکی ئێران لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشی هەڵگری دێموکراسییەکی ڕاستەقینەدایە کە مافی نەتەوەکانی ئێران، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکان، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی ژنان و ... بکاتە ئامانجی خۆی تا بتوانێ هێزێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و پارسەنگی هێز بە قازانجی خۆی بگۆڕێ بۆ ئەوەی ببێتە ئەو هێزە کە بتوانێ ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە بەچۆکدا بێنێ و تێکی بشکێنێت.

بزووتنەوەی کوردیش لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی دوورودرێژی لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی هەیە، دەتوانێ لەم هەلومەرجەدا دەورێکی گرینگ و کارساز بگێڕێت، بەڵام بە مەرجێك بتوانێ لانیکەم هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر لایەنە جۆراوجۆرەکاندا یەك بخات و بە یەك گوتار و هاودەنگ بەرەو پیری ئەم هەلومەرجە نوێیەوە بڕوات، وەدیهاتنی ئەم ئامانجەش مومکین نابێ مەگەر لە چوارچێوەی دروشم و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی ڕێکخراوەییمان بێینە دەرێ و بەرژەوەندیی نەتەوەیی بکەینە پێوەری کار و تێکۆشانی داهاتوومان.

پرسیار: پەیامی ئێوە بۆ خەڵکی کوردستان پاش ئەم هەڵبژاردنە چیە؟

وەڵام: لە پێشدا پێویستە سپاسی خەڵکی کوردستان بکەم کە وەڵامی ئەرێنییان بە بانگەوازی ڕێکخراوە کوردستانییەکان دایەوە و بە «نا» گوتن بە ڕێژیم ڕایانگەیاند کە ئەوان ئامادەن لە پێناو ئامانجە ڕەواکانیاندا فیداکاریی دیکە بنوێنن. پەیامی من بە خەڵکی ئازا و نەترسی کوردستان ئەوەیە کە لە بەرانبەر پیلانەکانی ڕێژیمدا یەکگرتوو و خۆڕاگر بن. تەنیا بە یەکگرتووییە کە دەتوانین ئەم ڕێژیمە دژی گەلییە بە چۆکدا بێنین و بە ئامانجە ڕەوا و بەرهەقەکانمان بگەین.

## جووت حەوت

هەوراز

گاڵتەجاڕیی لێپرسینەوەی مەجلیسی لاریجانی لە ئەحمەدی‌نژاد، لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵدا سیرکێکی بێوێنە بوو کە تەنانەت ئەحمەد خاتەمی و ڕامین میوانپەرەستیشی دەهێنایە پێکەنین.

ئەحمەدی‌نژاد هاتبوو کە بە نوێنەرانی مەجلیس بڵێت: «داڕێژەری پرسیارەکانتان ( عەلی موتەهەری ) کەسێکی نەخوێندەوارە کە بە گوشاردانی پیتەکانی کیبۆرد لیسانسی وەرگرتووە» یان «یاساکان کە پەسەندتان کردوون، پڕن لە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی و ئێوە تەنانەت ناتوانن یاسایەکیش بنووسن».

ئەحمەدی‌نژاد گوتی « لە بەر ئەوەی لە بەرەبەرەی نەورۆزدا هاتمە مەجلیس، کە لە شەوانی نەورۆزدا بازاڕی گەپ و گاڵتەی خەڵك گەرم بکەین و بڕێك گاڵتە بکەین بۆ پێکەناندنی خەڵك». واتە دەمەوێ بتانکەمە پەندی زەمانە و پێتان بڵێم کە ئێوە تەنانەت لە منیش نەفامترن. منێك کە پێم وایە « حەشیمەتی گۆی زەوی ٧ ملیۆن کەسە» یان «بریتانیا دوورگەیەکە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا» یان «بە مانگێ ٢٠ هەزار تمەن پاشکەوتی یارانە، لە ١٥ ساڵدا نزیکەی ١٠٠ ملیۆن تمەن پاشکەوت دەکرێ»، تێدەگەم کە ئێوە نەخوێندەوارن. جا ئیتر با خەڵك بۆ خۆیان لێکی بدەنەوە کە ئێوە چەندە کەسایەتیتان کاولە.

مەحموود هەروەها گوتی:»ئەگەر پیاون و دەتانەوێ کارێك بکەن، دوو قسەش بە وانی دیکە (واتە خامنەیی و ...) بڵێن، ئەو دەم تێدەگەن کە ئاغای جەوانفیکر لە زینداندا چ حاڵێکی هەیە. نیگەران مەبن! ئێمە لە زینداندا کمپووتتان بۆ دێنین». (پێم وابێ ئەو کمپووتە بۆ لاریجانی قوزەڵقورتی ڕووت بێت).

ئەحمەدی‌نژاد لە کۆتاییدا بە لاریجانی و نوێنەرانی مەجلیسی گوت کە «ئەگەر جارێکی دیکە ویستتان پرسیارم لێ بکەن، بە خۆم بڵێن تا پرسیاری جوانترتان بۆ ئامادە بکەم. وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ من زۆر ئاسان بوو. هەموویانم وەڵام دایەوە، ئەوانەش کە بەم وەڵامانە ڕازی نەبوون، بێمەعریفەت و ناپیاون».

لە کاتی فشەبازاڕی ئەحمەدی‌نژاددا، لاریجانی و هاوڕێکانی زۆر پیاوانە بێدەنگییان لێکرد. بەڵام پاش چوونەدەری مەحموود، عەلی موتەهەری نیشانی دا کە تۆزێك ناپیاوی تێدا ماوە، هەروەها لاریجانی گوتی: «ئەم قسانە بۆ ئێرە نەدەبوون... مەجلیس شوێنی گەپ و گاڵتە نیە». هەڵبەت مەحموود سەلماندی کە ئەو بینا سێ گۆشەی بەهارستان مەجلیس نیە بەڵکوو شوێنی گەپ و گاڵتەیە. لە ئوورووپا بەم شوێنانە دەڵێن «سیرك» لە ئێرانی هاوچەرخدا پێی دەڵێن «قاوەخانەی قەمەر» ئێستاش کە مەحموود و لاریجانی بۆ شادکردنی خەڵك هەنگاویان هەڵگرتووە، مەجلیسەکەی بەهارستان بە فەرمی دەبێتە دیوەخانەکەی «وەیخرپاشای مەزن».

ـ ئەحمەدی‌نژاد هەروەها لە لێدوانێکدا لە کەرەج گوتوویە: «ئێمە لە بۆمب و کەشتی و فڕۆکەی شەڕکەر ناترسین و گەمارۆ ئابوورییەکانیش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئێمە نەبووە، تەنیا لە باری دەروونییەوە کاریگەری لەسەرمان بووە».

هەڵبەت مەحموود بۆ خۆی پێشتریش لە باری دەروونییەوە تەواو نەبوو، بەڵام ئێستا کە دەڵێ باری دەروونیمان تێکچووە، یان کورد گوتەنی »تەختەی ساغمان پێوە نەماوە» باشتر وایە بڵێین با حیسابی پیاوی عاقڵ بۆ خۆی و هاوڕییانی نەکرێت و لە شێتخانەی مەرکەزی سەر و پەتوویان بۆ ڕاخەن.

# «نمایشی دێموکراسی»

■ وەرگێڕان: ڕێبوار فانی

■ وەرگێڕان بۆ کوردی: «کوردستان»

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، شایەتی پیشانگایەك لە وێنەی درۆیین و ناڕاستەقینەی دێموکراسی لە هێندێ وڵاتدا بووین. لە وڵاتی ڕووسیە، سەرەڕای ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی، ڤلادیمیر پووتین جارێکی دیکە گەڕایەوە کێرێملین و دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرێك لە خەڵك و کارناسانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی ڕووسیە، لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەڕێوەچوونی و سەرکەوتن لەم هەڵبژاردنەدا، لە سیناریۆیەك پتر نەبووە.

لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش، یەکەمین شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی لە پاش ساختەکاریی بەربڵاو لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩ و دواتر سەرکوتی توندی ئەو خەڵکەی کە خوازیاری ڕوونکردنەوەی ڕەوتی هەڵبژاردنەکە بوون، بەڕێوە برد. هەر لەم ماوەدا، لە وڵاتی چیندا، «کۆنگرەی خەڵکی چین» کە ساڵانە بەڕێوە دەچێ، چالاکیی دوو ڕۆژەی خۆی دەست پێکرد. ئەم کۆبوونەوەیە، هەوڵێکە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ جەماوەر. بەڵام لە ماوەی بەڕێوەچوونی وەها کۆبوونەوەگەلێك، دژایەتییەکی شایانی سەرنج نابینرێ و نزیك بە تەواوەتیی هەموو بڕیارەکان، لە پێشدا مۆری تەئیدیان لێدراوە. لە پشتی پەردەی ئەم کۆنگرەدا، بەرپرسە پلەبەرزەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات ڕکەبەری دەکەن، بەڵام حیزبی کۆمۆنیست هەموو دژایەتییەکان لە چاوی بیروڕای گشتی دەشارێتەوە. ئەگەرچی هاوکاتبوونی ئەم سێ ڕووداوە لەم وڵاتانەدا دەکرێ بە ڕێکەوت بێ، بەڵام هاوڕایی و ڕێککەوتنیان لەسەر پشتیوانی و پاڵپشتیی بێئەملاوئەولا لە حکوومەتی تەك حیزبی و دیکتاتۆری بەشار ئەسەد، بە دڵنیاییەوە بە ڕێکەوت نیە. ڕواڵەتی هەڵبژاردنەکان لەم وڵاتانەدا هێندێ جار مرۆڤ دەخاتە ئەو بیرەوە کە شەپۆلی دێموکراسی خەریکە پەرە دەستێنێ و بەجیهانی دەبێ، بەڵام کاتێك سەرنج دەدرێتە ڕەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکانیان لەم وڵاتانەدا، دڵساردی و بێهیوایی لێدەکەوێتەوە.

بەرپرسانی ڕووسی بە ڕووداری پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە هەموو توانایی خۆیان لە پێناو پێشگرتن لە ساختەکاری و فێڵ لە هەڵبژاردندا بەکار هێناوە. سەرانی کۆماری ئیسلامیش لە تەپڵی هەڵبژاردنیان دا و ڕایانگەیاند کە بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردندا بەربڵاو بوو. لەبیرمان نەچێتەوە کە هەڵبژاردنێك ئازادە کە هەر کەسێك یان هەر ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە ئەندێشە و بیروباوەڕی جیاواز لە ڕەوتی هەڵبژاردندا بەشداری بکات و بتوانێ بەبێ هیچ بەربەستێك تەبلیغ بۆ بەرنامەکانی بکات و ڕوونیان بکاتەوە. کاتێك دادپەروەری لە هەڵبژاردندا وەدی دێت کە هەموو ئیمکاناتی بەشداری، تەبلیغ، چاودێری و شماردنی دەنگەکان بۆ هەموو لایەنەکان وەك یەك بێ و لایەنێکی تایبەت هەموو ئەم پێویستییانە نەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. نەبوونی وەها ڕێوشوێنگەلێك لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو هەڵبژاردنانەی کردووەتە نمایشی.

لە وڵاتی چینیش، ڕەوتەکە هەر بەم شێوەیە، چوونکە بەرپرسان و سەرانی ئەم وڵاتە لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی نەتەوەیی دەترسن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەدا، وەها کۆبوونەوەیەك وەك سەمبولی دێموکراتیکبوونی سیاسەتەکانی خۆیان لەقەڵەم دەدەن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە داسەکنین و قەیرانی ئابووری لە ئوروپا لە جۆری ئەو دێموکراسییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەڵیانبژاردووە و لە هەوڵدان تا وەها ڕوانگەیەك لە نێو خەڵکی چینیشدا پەرە پێ بدەن.

ئەو شۆڕشانەی لە وڵاتگەلێك وەك میسر و توونێش ڕوویان دا، وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییە بوون کە چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەرەڕۆیی دەتوانێ ڕیشە و سەرچاوەی لێکەوتەگەلێکی نێگەتیڤی وەك گەندەڵی، نادادپەروەری، کەڵکوەرگرتنی نابەجێ لە دەسەڵاتی سەربازی، ئەشکەنجە و لەژێرپێنانی مافی ئازادیی ڕادەربڕین بێ. ئەوەی لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا بووە هۆی سەرهەڵدان و شۆڕش و ڕاپەڕین، سەرەڕۆیی ڕەها و چڕبوونەوەی دەسەڵات لە شوێنێکدا بوو، نەك بەڕێوەبەریی خراپی ئابووری. بەهاری عەرەبی کۆڵەکەکانی سەرەڕۆیی لە سەرانسەریی جیهانی لەرزۆك کرد و ئەم لەرزۆکییەش دەکرێ لە حکوومەتگەلێك وەك کۆماری ئیسلامی و لەو ترسەدا کە وەها دەسەڵاتگەلێك لە بووژانەوەی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان دژی خۆیان هەیانە، ببینرێ. تەنانەت وەها ترس و دڵەڕاوکێیەك دەکرێ لە دەوڵەتی چیندا کە ئابوورییەکی لە بەراورددا گەشەسەندووتری هەیە، ببینرێ. سەرکوت و ئازاری بەرهەڵستکارانی حکوومەتی چین لە پاش بەهاری عەرەبی، بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بووە. زۆرێك لە خەڵکی چین و چاودێرانی بیانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەستێنی بزووتنە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە هەر کاتێك ڕەخساوترە. ئەو هۆکارانەی کە دەتوانن ببنە هۆی ناسەقامگیریی شاراوە لە چیندا، زۆرن کە لەوانەیش دەکرێ ئاماژە بە سەرکوت و گەندەڵی، شەڕ لەسەر خاوەنداریی خاك، ناهاوسەنگیی ئابووری و هەروەها کێشەگەلی ژینگەیی بکرێ. بەڵام ڕیشەی کێشەکان لە چیندا، نەبوونی سیستمێکی دێموکراتیکە کە مەیدانی ڕادەبڕینی جیاوازی بەرتەسك کردووەتەوە. کاتێك خەڵك لە مەیدانی تەحریری میسر دژی حکوومەتی موبارەك کۆبوونەوە، لە ڕاستیدا ئەوە یەکەمین هەنگاو بوو لە پێناو ڕووخاندنی ئەو حکوومەتە. حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بەسەر چینیش، وەها مەترسی و هەڕەشەیەك هەست پێدەکا و هەر بۆیە ناڕەزایەتییەکان و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووی زۆر بەخێرایی سەرکوت و بێدەنگ کرد.

لە بەرامبەر وەها بارودۆخێکدا، کاتێك والستریت لە لایەن ناڕازییانەوە داگیر کرا، زۆر سەرنجی پێ درا، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو بڕوادا بوون کە سیستمی حکوومەتی ئامریکا بە شێوەی جیددی هەڕەشەی لەسەرە. کەوابوو دەکرێ ئەو ئاکامگیرییە بکەین کە لە بەرامبەر سەرەڕۆییدا تەنیا ڕێگەچارەیەك هەیە و ئەویش ڕووخاندنە، بەڵام لە سیستمێکی دێموکراتیکدا دەکرێ چەندین ڕێگەچارە بۆ کێشەیەك هەبن. دێموکراسی و ئازادیی دەربڕین، زۆرترین گرینگییان لە داخوازییەکانی خەڵك لە حکوومەت هەیە.

سەرچاوە: Business Day

نووسەر: Gideon Rachman



# کوشتار و قەڵاچۆکردنی خەڵکی کوردستان، سیاسەتێکی شکستخواردووی خومەینی

■ دارا ناتق

ڕێژیمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی خومەینی، هەر لە یەکەم ڕۆژی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و بەتاڵانبردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان بەتایبەتی، نەك هەر هەموو ئازادییەکی سیاسی، مەدەنی و تاکەکەسی لە نێو برد، بەڵکوو بچووکترین ڕێزیشی بۆ سەرەتاییترین مافی ئینسانی دانەنا و کۆمەڵگای ئێرانی کردە زیندانێکی گەورە بۆ نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە ئایینییەکان و هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەی کە ئامادە نەبوون ببنە کۆیلە و ژێردەستی دەسەڵاتی مرۆڤکوژی سەدەکانی نێوەڕاستی ویلایەتی فەقیهی. زیندان، ئەشکەنجە، ئێعدام، کۆمەڵکوژی و شکاندنی کەرامەتی ئینسانەکان، بەرچاوترین دیاریی ڕێژیمی خۆسەپێن و دیکتاتۆری خومەینی بوون بۆ گەلانی تینووی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیدا.

خەڵکی مافخواز و زوڵملێکراوی کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە خوازیاری مافە ڕەواکانی خۆیان واتە، دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی و بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی سەرجەم گەلانی وڵات، لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بوون، کەوتنە بەر غەززەبی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو. خومەینی هەر ئەوکات بە شێوەیەکی ئاشکرا و هۆڤانە، لە هەمبەر داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەستی بە کوشتاری بێڕەحمانەی گەلی کورد کرد و هێرشی کردە سەر کوردستان و هاوکات قەڵاچۆکردنی دانیشتووانی گوندەکانی کوردستان، بە دڕندانەترین شێوە خەڵکی بێدیفاعی کوردستانی سەرکوت و ئێعدام و کوشتوبڕ دەکرد و گەمارۆی توندی سیاسی و ئابووری و نیزامی خستە سەر کوردستان.

ڕێژیمی خومەینی هەر لە درێژەی ڕەوتی سەرکوت و کوشتاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و هێرشی بەربڵاوی سەربازی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی، لە کردەوەیەکی دژی مرۆڤی و بە شێوەیەکی هۆڤانە، هێرشی کردە سەر خەڵکی مافخواز و نیشتمانپەروەری گوندەکانی، حەلبێ، کوێکان، کەرێزەی شکاکان و یونس لی، سەر بە شاری نەغەدە و ٤٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو ئاواییانەی کە ٢٣ کەسیان خەڵکی گوندی کەرێزەی شکاکان بوون بە تاوانی کوردبوون و ئازادیخوازی، کوشت و بە دەیان کەسی دیکەش کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون بریندار کرد. هەر لە ئاکامی پەلاماری دڕندانەی هێزە چەکدارەکانی خومەینیدا، هەزاران کەس لە خەڵکی بێدیفاع و دانیشتووی گوندەکانی کوردستان، ماڵوحاڵیان بە جێ هێشت و بوونە قوربانیی سیاسەتی دژی مرۆڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئاوارەی شاخ و کێوەکان بوون. لە درێژەی ئەم سیاسەت و پیلانە دژی مرۆییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بە سەدان گوندی کوردستان لە ژێر ئاگری گوللە و تۆپ و بومبەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمدا وێران کران و بە هەزاران کەسیش لە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان کوژران.

بەڵام سەرەڕای گوشار و جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کوردستان هەردەم وەك قەڵایەکی لەگیرانەهاتوو تا بە ئەمڕۆش بۆتە مەیدانی بەربەرەکانێ و خۆڕاگری بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی و گەلی کوردیش هیچ کات تەسلیمی سیاسەتی ناڕەوای ئەم ڕێژیمە نەبووە و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە لە پێناو ویست و خواستە ڕەواکانی خۆیدا نرخێکی زۆری داوە و خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەی خۆی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری درێژە پێدەدات.

# ئاوڕدانەوەیەک لە ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان

■ کانیاو

لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاویدا، مەجلیسی شوورای میللیی ئێران، یاسای «سەدی بیست» ی پێشنیارکراوی دەوڵەتی دوکتور موسەدیقی پەسند کرد. بەپێی ئەو یاسایە سەدی بیستی داهاتی دەرەبەگەکان دەکرا بە دوو بەش، بەشێکی دەدرایەوە بە جووتیاران، بەشەکەی دیکەی بۆ پێداویستییەکانی گوندەکان خەرج دەکرا.

بەڵام پاش پەسندکرانی ئەو یاسایە لە مەجلیس، دەرەبەگەکان لە ناوچەی بۆکان، بە پاڵپشتیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ژاندارمێری و دەزگای دەرباری حەمەڕەزاشای پەهلەوی ئامادە نەبوون مل بۆ ئەو یاسایە دانەوێنن.

ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی دوابەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە سیستمی ئەرباب و ڕەعییەتی لە ناوچەی موکریان دەدا، هەر بۆیە هەوڵی دەدا ئەوان زیاتر لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بە دەربارەوە گرێ بدات. بە جۆرێك بەشێك لە دەربەگەکانی بۆکان و چۆمی مەجیدخان گوێڕایەڵی تەواوی فەرمانەکانی حەمەڕەزاشا بوون و لە ڕێگای بەرتیلدان بە ئەفسەرانی ژاندارمێری، دەسەڵاتێکی بێسنووریان لە ناوچەی بۆکاندا هەبوو کە ئەو دەسەڵاتەیان بە دژی جووتیاران و خەڵکی گوندەکان بە کار دەهێنا.

هەر بۆیە جووتیارانی ناوچەی بۆکان پاش پەسندکردنی یاسای سەدی بیستی داهاتی دەرەبەگەکان لە مەجلیسی شوورای میللی، بە دژی زوڵم و زۆرداریی سیستمی ئەرباب و ڕەعییەتی ڕاپەڕین، چوونکە جووتیاران و زەحمەتکێشان لە دەرفەتێك دەگەڕان تا بە دژی سیستمی نادادپەروەرانەی ئەرباب و ڕەعییەتی ڕاپەڕن، بەتایبەت لە کاتێکدا باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی گوندەکان ڕۆژبەڕۆژ تا دەهات دژوارتر دەبوو. گوندەکانی حەمامیان، عەمبار، ناچیت، مەڵالەر، گول، ڕەحیمخان، شاریکەند و ناوچەی فەیزوڵڵابەگی، ناوەندی ڕاپەڕینی جووتیاران بە دژی سیستمی ئەرباب و ڕەعییەتی بوون.

**جووتیارانی ناوچەی بۆکان پاش پەسندکردنی یاسای سەدی بیستی داهاتی دەرەبەگەکان لە مەجلیسی شوورای میللی، بە دژی زوڵم و زۆرداریی سیستمی ئەرباب و ڕەعییەتی ڕاپەڕین**

لە ژێر ڕێنوێنییەکانی کۆمیتەی جووتیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی ئەو گوندانە و جووتیارانی ناوچەی بۆکان بە دژی زوڵم و زۆرداریی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین، چوونکە ئەوان دەیانویست خۆیان لە ژێر دەستی دەرەبەگەکان ڕزگار بکەن. بەڵام بە داخەوە ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان، لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی و دەرەبەگەکانەوە، بە توندی سەرکوت کرا و کوشتنی خەڵك و سووتاندنی ماڵ و حاڵی جووتیاران بە بەربڵاوی بەڕێوە چوو و بە سەدان کەس لە خەڵکی هەژار و نەدار ئاوارە و دەربەدەر بوون و لە زێد و نیشتمانی خۆیان دەرکران.

هەر چەند ڕاپەڕینی جووتیارانی ناوچەی بۆکان بە ماڵوێرانی و ئاوارەبوونی جووتیارانی ڕاپەڕیو کۆتایی پێ هات، بەڵام لە لایەك پێگە و جێگەی کۆمەڵایەتیی دەرەبەگەکانی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیدا لاواز کرد و لە لایەکی دیکەوە ڕاپەڕینەکە زیاتر ناکۆکییەکان و گەندەڵیی سیستمی ئەرباب و ڕەعییەتی زەق کردەوە.

ئەو شێوە خەباتەی جووتیاران و زەحمەتکێشان، لە وەها بارودۆخێکی ئاستەمدا، کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی فێر کرد و هانی دان کە لە داهاتوودا بە یەکیەتی و یەکگرتوویی دەتوانن لە دژی بێعەداڵەتی ڕاپەڕن و ڕاستییەکان بە بیروڕای گشتی نیشان بدەن. داستانەکانی ڕەفتاری دژە مرۆڤانە لەگەڵ ئەو جووتیارانە ئێستاش سینگ بە سینگ و زمان بە زمان بۆ نەسڵەکانی ئێستا و داهاتوو دەگوازرێتەوە.

■ پەیام

# هەڵبژاردن بە شێوەی کۆماری ئیسلامی

پاش هەراوهوریایەکی زۆر، رۆژی ١٢ی رەشەمە بەناو هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ئێران بەڕێوە چوو. هەڵبژاردنێك کە پاش ناڕەزایەتی و کوشتارەکانی ساڵی ٨٨ی هەتاوی بۆ یەکەمین جار بوو کە کۆماری ئیسلامی خۆی بەرەوڕووی خەڵك و بیروباوەڕیان دەبۆوە. سەرەتا پێویستە ئاوڕێك لە پێش هەڵبژاردنەکان بدەینەوە و چەند مانگ بۆ دواتر بگەڕێینەوە تا گرینگی ئەو هەڵبژاردنانەمان بۆ ڕێژیم بۆ دەرکەوێت. عەلی خامنەیی، رۆژی ٩ی خەرمانان لە وتەکانی نوێژی جێژنی ڕەمەزان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی خولی نۆهەمی مەجلیسدا دەڵێت کە دەبێ وشیار بین کە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ نیزام نەبێتە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی و ناحەزان کەڵکی خراپی لێوەرنەگرن. دەبینین کە خامنەیی هەر لە ٦ مانگ لەمەوبەرەوە بەم وتانەی فەرمان دەدات بە تەواوی بەرپرسانی ڕێژیم کە وشیار بن و لە فکری دەربازبوون لەم قەیرانەدا بن. هەڵبەتە ئەوە یەکەمین جار نەبوو کە رێبەری کۆماری ئیسلامی باسی لەو هەڵبژاردنانە دەکرد بەڵکوو چەندین جاری دیکەش ئاماژەی بەم رۆژە و گرینگی بۆ کۆماری ئیسلامی دابوو. هەر لەم ڕووەوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە چەندین مانگ لەمەوبەرەوە تەواوی هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕ خستبوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەڵبژاردنانە بە جۆرێك کە هەم بە نەیاران و دژبەرانی خۆیان لە لایەکەوە نیشان بدەن کە خەڵکی ئێران نە تەنیا لە دەسەڵاتی ئەوان سارد نەبوونەتەوە بەڵکوو هەروا بە باوەشی ئاواڵا بە پیری هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دێن و ڕووداوەکانی دوو ساڵ لەمەوبەر نە تەنیا نەبۆتە هۆی بێزاریی ئەوان لە کۆماری ئیسلامی بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوان زیاتر لە هەمیشە بە پیری بانگەوازی ڕێبەرەکەیانەوە دێن و هاواری «لبیك»ی بۆ بەرز دەکەنەوە و لە لایەکی ترەوە بە هاتنی شەپۆلی بەرینی خەڵك بۆ سەر سەندووقەکان هەموو ئەو هەڕەشە دەرەکییانە بەرپەرچ بدەنەوە و بڵێن بە دنیا کە ئێمە هەروا لە نێو خەڵکی خۆماندا پێگەمان قایمە. لە هەمان کاتدا گەیشتن بە هەموو ئەو ئامانجانە دەبوو بە پاراستنی هێمنایەتی و ڕێگانەدان بۆ دووپاتبوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك دەستەبەر بوایە، هەر بۆیە هەموو هێزەکانی ڕێژیم بۆ ڕێگرتن لە هەرچەشنە جموجۆڵێکی خەڵك وەکارکەوتن و لە چەندین مانگ لەمەوبەرەوە لە هەموو ناوچەکانی ئێران بە دیان و بگرە سەدان چالاك و هەڵسووڕاوی سیاسی و مەدەنییان ڕاپێچی بەندیخانەکان کرد. بەڵام با بزانین هەڵبژاردنەکان چۆن بەڕێوە چوون و پێشوازیی خەڵك لەم بەناو هەڵبژاردنانە بە چ شێوەیەك بوو. لە سەرەتادا شوورای نیگابانی ڕێژیم تەواوی ئەو کەسانەی کە بۆ نوێنەرایەتی خۆیان نێونووس کردبوو لە هێڵەگ دا و پاش پاڵاوتنی مۆرەکانی سەر بە خۆی و ئەو کەسانەی کە بە بڕوای ئەم شوورایە هیچ سەرئێشەیەکیان بۆ حکوومەت درووست نەکردوە، پلانی یەکەمی ئەم شانۆیەی وەگەڕ خست. بەڵام کاتێك کە گەیشتینە رۆژانی پڕوپاگەندەی پاڵێوراوان، کەش و هەوایەکی سارد و کشومات بە سەر رەوتەکەدا زاڵ ببوو. هەر لەم ڕووەوە بوو کە دیتمان پاش تێپەڕبوونی چەند رۆژێك لە دەسپێکی پڕوپاگەندەکان بە ئیشارەی ڕێبەری نیزام تاقمێکی دیکە لە ڕەتکراوەکان دووباره کەوتنە بەر رەئفەتی ئیسلامیی رێبەری نیزام و وەك پاڵێوراو بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە تیروپشکی شوورای نیگابان هاتنە دەرەوە. لە ڕاستیدا هەر ئەو کەسانەی کە چەند رۆژ پێشتر لیاقەتیان نەبوو، یەکشەوە لیاقەتدار کران و ڕێگایان پێدرا بێنە ناو ململانێکانی هەڵبژاردن کە تەنیا ئامانجی ئەو کارە گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەکان بوو. بەڵام بەم کارەش هیچ بازاڕێك بۆ هەڵبژاردنەکان گەرم نەبوو، ڕێژیم ئەمجارە هەموو دامودەزگاکانی راگەیاندن و پڕوپاگەندەی خۆی وەگەڕ خست بۆ ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان بۆ خەڵك گرینگ بکات و بۆ ئەم کارە گشت کاناڵەکانی رادیۆ و تلویزیۆنی ڕێژیم رەوتی ئاسایی بەرنامەکانی خۆیان گۆڕی و تەواوی کاتی خۆیان بۆ باسکردن لەسەر هەڵبژاردنەکان تەرخان کرد. رەوتێك کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە لە دەنگوڕەنگی ئەم ڕێژیمەدا بینرابوو. سەرەڕای ئەوە تەواوی ئیدارەکانی ڕێژیم بە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە لە کارمەندەکانیان و بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر خەڵکیان بۆ بەشداریکردن لەم شانۆگەرییەدا هان دەدا، لە لایەکی دیکەوە پاڵێوراوان بەکەڵکوەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی خەڵك بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و بڵاوکردنەوەی دەنگی هونەرمەندانی خۆشەویستی خەڵك و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پۆستێر و بڵاوکراوەکانی خۆیاندا هەوڵیان دەدا کە خەڵك بەرەو سندووقەکان رابکێشن. دانی وەعدە و بەڵێنی رەنگاوڕەنگ و بێبنەما یەکێکی دیکە بوو لە هەوڵەکانی پاڵێوراوەکان بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەی ڕێژیم ساردیی رەوتەکە بە ڕادەیەك بوو کە لە رۆژی هەڵبژاردندا نیگەرانی بە ناوچاوانی خامەنەییەوە بە تەواوی دیار بوو و هەر کەس گوێی لە قسەکانی رێبەری نیزام گرتبا کە پاش دەنگدان دەری بڕین، بە ڕوونی هەستی بە نیگەرانی و سەرلێشێواویی! ڕێبەری موسوڵمانانی جیهان دەکرد کە لە هەمبەر هەڵبژاردنەکان نیگەران بوو و داوای لە خەڵك دەکرد کە بەشداریی بەربڵاویان هەبێت.

هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوون و ڕێژەی بەشداریی خەڵك بە شێوەیەك بوو کە لە شاری تاران، تا کاتژمێر ١٠:٣٠ی سەرلەبەیانی تەنیا فیلمەکانی چەند ناوەندێکی دەنگدان نیشانی خەڵك دەدران. لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان و ڕێژەی بەشداریی خەڵك جێگای ئاماژەیە کە بڵێین دەنگوڕەنگی مەهاباد لە کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانییەوە لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوەندی ورمێدا بڕیار وابوو کە دیمەنەکانی بەشداریی خەڵك لەسەر سندووقەکان نیشان بدەن بەڵام پاش ماوەیەك بە هێنانەوەی بیانووی گرفتی تێکنیکی لە نیشاندانی فیلم و وێنە خۆیان بوارد. هەروەها تا ئێوارەی رۆژی هەڵبژاردنەکان هیچ دیمەنێك لە هەڵبژاردنەکانی ئوستانی کوردستان لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە تاران بڵاو نەبۆوە. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی خەڵکی کوردستان باسیان لە بێمەیلی

**لە ڕاستیدا هەر ئەو کەسانەی کە چەند رۆژ پێشتر لیاقەتیان نەبوو، یەکشەوە لیاقەتدار کران و ڕێگایان پێدرا بێنە ناو ململانێکانی هەڵبژاردن کە تەنیا ئامانجی ئەو کارە گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەکان بوو**

خۆیان بۆ چوونەسەر سندووقەکان دەکرد بەڵام سرنجڕاکێش ئەو ئامار و ژمارانە بوون کە بەرپرسانی ڕێژیم بڵاویان دەکردنەوە. مستەفا محەممەد نەججار، وەزیری نێوخۆی ڕێژیم پێش هەڵبژاردنەکان گوتبووی کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەتوانن دەنگ بدەن ٤٨ میلیۆنە و پاش هەڵبژاردنەکان وتی کە ٢٦ میلیۆن کەس بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە و ڕێژەی بەشداریی خەڵکی ٦٤/٢ لە سەد ڕاگەیاند. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر باوەڕ بەو ئامارانەی کە نەججار لە ژمارەی بەشداریی خەڵك ڕایگەیاندووە، بکەین، ڕێژەی بەشداریی خەڵك دەگاتە ٥٤/٢ لە سەد نەك ٦٤/٢ لە سەد. هەر بەدوای ئەم جیاوازییەی کە لە ڕێژەی بەشداری و ژمارەی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو هاتە پێش ماڵپەڕی وەزارەتی نێوخۆ ڕێژەی بەشداربووانی لەسەر ماڵپەڕەکەی سڕییەوە!!

ناوەندی هەواڵدەریی مێهری ڕێژیم لە هەواڵێکدا ڕایگەیاندبوو کە لە ژمارەی ٣٧٣هەزار کەس لە ئیلام کە ئەیانتوانی دەنگ بدەن، ٣٨٠ هەزار دەنگ کۆکراوەتەوە و ماوەیەك پاش ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە ئەو ناوندە بە هەواڵەکەدا چۆوە و ڕایگەیاند کە ڕێژەی بەشداریی خەڵك لەو ناوچەیە (ئیلام) ٧٦ لە سەد بووە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەواڵدەریی فارس ڕێژەی بەشداریی خەڵکی ئیلامی ٨٧ لە سەد ڕاگەیاندبوو. سەرەڕای ئەوە لە زۆر جێگا ڕێژەی بەشداریی خەڵك سەد لە سەد ڕاگەیەندراوە کە ئەم ئامارە بە سەرنجدان بە بەشداریی خەڵك لەگەڵ پێوانە ئامارییەکان یەك ناگرێتەوە. هەروەها لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هەر لە شەوی پاش هەڵبژاردنەکانەوە دەنگەکان ژمێردرابوون بەڵام تا دوو رۆژ پاش هەڵبژاردنیش ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتبوون، ڕانەگەیەندران. لە لایەکی دیکەوە ئەو وێنە و فیلمانەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕێژیم بە خەڵکیان نیشان دەدا زۆربەیان دوور بوون لە ڕاستی و دەستچینکراو بوون لەو ناوەندانەی دەنگدان کە خۆی دیاری کردبوون و ڕێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکیان تێدا بوو، لەم پێوەندییەدا ئەتوانین ئاماژە بە قسەکانی بەڕێز ئیوان واتسۆن، هەواڵنێری تلۆیزیۆنی سی ئێن ئێن بکەین کە لە لاپەڕەی تویتێری خۆیدا نووسیویەتی کە هەواڵنێرانی بیانییان سواری ئۆتووبوسێك کردبوو و ئەوانیان بۆ سەر سندووقگەلێکی تایبەتی دەبرد و ئیزنی هاتوچۆی ئازادیان بە هەواڵنێران لە ناو شەقامەکاندا نەدەدا، بەڕێز واتسۆن لە درێژەدا دەڵێت کە وەها کەشوهەوایەکم تا ئێستا لە هیچ جێگایەکی جیهان نەبینیوە.

ئەگەر لە کوردستانیش سەیر بکەین جیا لە چەند دیمەن کە لە شارەکانی ناوەندی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و سنە و ورمێ بڵاو کرانەوە، تەنیا فیلمی سێ شاری قوروە و بانە و مەهابادمان ئەویش تەنیا بۆ ماوەی چەند چرکەساتێك بینی، ئەوە لە حاڵێکدایە کە شارەکانی کوردستان نزیك بە ٥٠ شار دەبن و ئەگەر بە ڕاستی ڕێژیم ڕادەگەیەنێت ڕێژەیەکی بەربڵاو لە خەڵك بەشداری کردووە، دەبوایە چەند دیمەنێك نیشانی خەڵك درابایە. بۆ نموونە لە شارێکی وەك بۆکان کە ڕێژیم هەر لە چەند کاتژمێری سەرەتایی دوای هەڵبژاردنەکان ئاکامەکانی ڕاگەیاند و وتی کە نەفەری یەکەم لەم شارە ٦٨ هەزار دەنگی وەدەست هێناوە، دەبوایە فیلمێکی ئەگەرچی کورتیش نیشانی خەڵك درابایە، مەگەر نە ئەوەی کە بۆکان و دەوروبەری نزیك بە ٤٠٠ هەزارکەس حەشیمەتی هەیە و شارێکی گەورە بە ئەژمار دێت، ئایا لەو بەناو حەماسە بەرینەدا چەند ناوەندی دەنگدان نەبوون کە فیلمیان نیشانی خەڵك بدرێت تاکوو هەموان ئەو بەناو حەماسەیە ببینن؟!! یان لە ناوچەی پیرانشار و سەردەشت کە لە ١٢ی رەشەمە بەفر و کڕێوە بە چەشنێك رووی تێکردبوو کە تەنانەت هاتوچۆ بە دژواری لە نێو شارەکاندا دەکرا، جێگای پرسیارە کە چلۆن ٩٤هەزار دەنگ کۆکراوەتەوە. خاڵێکی دیکەی ئەو بەناو هەڵبژاردنە لە کوردستان ئەوەیە کە ئەگەرچی ژماردنی دەنگەکان هەر شەوی پاش هەڵبژاردنەکان لە زۆربەی شارەکان کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام سەیر ئەوە بوو کە ئاکامی هەڵبژاردن لە شارەکانی وەك سنە، مەریوان، سەقز، بانە، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە و ... کاتێك ڕاگەیاندرا کە زۆربەی دەنگەکانی تارانی ١٢ میلیۆنیش، ژمێردرا بوون. ئایا ئەگەر لە کوردستان حەماسە خوڵقاوە نابێ هەرچی زووتر جیهانی لێ ئاگادار بکەنەوە، نەك سێ رۆژ دوای هەڵبژاردنەکان؟!! لە زۆر جێگای دیکەی ئێرانیش ساختەکاری و دزینی دەنگەکان بە شێوەیەك بووە کە تەنانەت دەنگی ناڕەزایەتیی پاڵێوراوانیش بەرزبۆتەوە بۆ نموونە بە وتەی یەکێك لە کاندیداکانی شاری ئامۆل لە بەندیخانەی ئەو شارە کە ٩٠٠ کەسی تێدایە زیاتر لە ١٥٠٠ دەنگ کۆکراوەتەوە. بەکورتی دزین ،کڕین و فرۆشتنی دەنگەکان، چەند جار دەنگدانی نەفەرێك و چەندین ساختەکاریی دیکە نموونەگەلێکی بچووکن لەو موهەندیسییەی کە ڕێژیم بۆ ئەو شانۆگەرییە بەکاری بردووە. هەواڵنێرێك لە شاری ڕەشت بە رۆژنامەی « رووز ئانلاین»ی ڕاگەیاندووە کە چەند جار دەنگدان لەو ناوەندەی کە ئەو تێیدا هەبووە شتێکی ئاسایی بووە بە شێوەیەك کە ئەو هەواڵنێرە بە وتەی خۆی لە رۆژی هەڵبژاردندا چوار جار دەنگی داوە!!

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین کە ئیزننەدان بە هاتنی چاوەدێرانی بیانی بۆ چاوەدێریی هەڵبژاردنەکان، دەستچینکردنی ناوەندەکانی دەنگدان بۆ فیلم و وێنەگرتن لە لایەن هەواڵنێران و رۆژنامەوانانی جیهانی و بردنیان بۆ سەر ناوەندێکی تایبەت بە ئوتووبووس، بڵاوکردنەوەی ئاماری دژبەیەك لە ڕێژەی بەشداریی خەڵك، دەربڕینی هەواڵی دژبەیەك لە لایەن هەواڵنێرەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژەی بەشداریی خەڵك، هەموویان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە بەڕاستی هەڵبژاردن تەنیا لە باڵای کۆماری ئیسلامییەوە جوانە و ئەم چەشنە هەڵبژاردنانە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە.

سەرچاوەکان:
ـ ماڵپەڕی وەزارەتی نێوخۆ (کشور)
ـ شاهیدەکانی سەر سندووقەکانی دەنگدان




بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 577 ■ 20 Mar 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# وێنەی نەورۆزی

## ڕێوڕەسمی نەورۆزی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی PDKIدا



کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



کیژۆڵەی هونەرمەند: هێڤی پشتیوان



مەشخەڵی نەورۆزی ١٣٩١



دیمەنی هەڵپەڕکێی نەورۆزی ١٣٩١ لە بنکەی دەفتەری سیاسی

## زایەڵە

**باران**

### هەوڵێکی نەزۆکانە بۆ زیندووکردنەوەی وەهمێکی فریودەرانە

لە کاتێکدا پێشبینیی دابەزینی ئاستی بەشداریی خەڵك لە ڕەوتی شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەمدا، بەپێچەوانەی بانگەشە دژەیەك و ناڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی، وەڕاست گەڕا، ئەو پێشبینییەش وەڕاست گەڕا کە لەم شانۆیەدا کەمترین دەرەتان بۆ بانگەشەکردن و لە ڕاستیدا هەڵفریواندنی خەڵك لە ژێر ناوی چاکسازیخوازیدا لە ئارادا بێ. خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی لە شانۆی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئەوە بوو کە ئەگەر لە ڕەوتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨دا، ئەوە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی دروشمە ناڕاستەکانی چاکسازیخوازی و کەوتبوونە نێو کەشوهەوای خولقێنراوی دەستی ئەو ڕێژیمە، ئەمجارە ڕاست بەپێچەوانە بوو و ئەوە بەشێکی بەرچاو لە بانگەشەکەرانی چاکسازیخوازی بوون کە یان ئارگۆمێنت و لێڕوانین و هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمەیان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردن قبووڵ کرد یان هیچ نەبێ بێدەنگییان هەڵبژارد. ڕەوتی ڕووداوەکان بەگشتی بەرەو ئاقارێك دەڕوات کە ئەزموونە شکستخواردووەکان ببنە پردێکی قایم بۆ سەرکەوتنی خەباتی دێموکراسیخوازانە و ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دژی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام ئەزموونی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان دەریخستووە کە لە خراپترین حاڵەتی لواودا و لەوپەڕی تەپەسەری و بنبڕکردنی هەرچەشنە ئازادییەك، کەسانێك هەر پەیدا دەبن کە دیسان لە تەپڵی چاکسازیخوازی دەدەن و لە خەڵك بۆ پەیوەست نەبوون بە ریزی دژبەرانی دیکتاتۆری و مانەوە لە وەهمی چاکسازیخوازیدا بانگهێشت دەکەن. ئەمەش ڕاستییەکە کە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ئەزموون کرا و سیمایەکی ناسراوی ئەم بوارە، واتە موحەممەد خاتەمی، جارێکی دیکە بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی خۆی جووڵایەوە و نەتەنیا چووەتە سەر سندووقی دەنگدانی شانۆی هەڵبژاردنی ئەمجارە، بەڵکوو وتی ئەو کارەی بەمەبەستی «ئاوەڵەهێشتنەوەی ڕۆژنەکانی چاکسازیخوازی» کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر خودی خاتەمی لەمەڕ بەشداری لەم شانۆیەدا وتبووی «بەشداری لە هەڵبژاردندا مانای نیە» و باڵی پاوانخوازی ڕێژیمیش ڕایگەیاندبوو کە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە مانای دەنگدانە بە کۆماری ئیسلامی. خاتەمی لە بەیاننامەیەکدا کە لە ماڵپەڕی خۆیدا بڵاوی کردەوە، بە هێنانەوەی ئەو پاساوە کە «چاوەڕوانیم هەبووە و هەیە کە هەموو بە نەبوونە دیلی رابردوو و بە ڕوانین بەرەو داهاتوو، ڕەوتێکی نوێ لە وڵات دەست پێبکەن»، خوازیارە خەڵك شکستە یەك لە دوای یەکەکانی ئەزموونکردنی چاکسازیخوازی لەو ڕێژیمە چاکسازیهەڵنەگرەدا لەبیر بکەن و دیسان لە بازنەی داخراوی ئەو ڕێژیمەدا بسووڕێنەوە و ئیدی خۆی لەوە نادات کە گەلۆ تا کەی دەبێ خەڵکی ئێران لەو خەفەقانەدا بژین کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ توندتر و بەربڵاوتری دەکات؟

وێناچێ جارێکی دیکە بکرێ خەڵکی ئێران تووشی ئەو وەهمە بکرێنەوە کە ڕێگەیەك جگە لە هەڵکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو ڕەوتی ڕووداوەکان نیشان دەدات کە ریزی بەرهەڵستکارانی ئەو ڕێژیمە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرینتر و یەکگرتووتر دەبێ و خاتەمی و خاتەمییەکانیش ناتوانن پێش بە ڕەوتی مێژوو بگرن.

# منداڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەولێریان هێنایە سەما

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٣٩٠/١٢/٢٥ی هەتاوی منداڵانی کوردستانی ئێران سەر بە ناوەندی نێرگز بۆ پەروەردەی فیکری و هونەریی منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستانی ئێران بۆ پێشوازیکردن لە نەورۆز، نمایشێکی هەڵپەڕکێیان لە چوارچێوەی «شەشەمین فستیڤاڵی پایتەخت، فستیڤاڵی ئازادی و نەورۆز» لە نێو گۆڕپانی فامیلی مۆڵی شاری هەولێر بە یارمەتیی گرووپی دۆق شارتێر بەڕێوە برد. لەم نمایشی هەڵپەڕکێیەدا کە لە «ڕۆژی تایبەت بۆ چالاکیی منداڵان»ی فێستیڤاڵەکە بەڕێوە چوو، چەندین هەڵپەڕکێی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ئێران پێشکەش بە ئامادەبووان کرا و ئەم چالاکییەی ناوەندی نێرگز لە لایەن خەڵکی شاری هەولێر و گەشتیارە بیانییەکانەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. هەر لەو ڕۆژەدا، ئەم گرووپە لە پارکی شانەدەر و پارکی منارە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان پێشکەش بە ئامادەبووانی فستیڤاڵی نەرۆزیی شاری هەولێر کرد.

شەشەمین فستیڤاڵی پایتەخت، فستیڤاڵی ئازادی و نەورۆز، بە بۆنەی ٣٢ـەمین ساڵیادی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکوومەتی ئەوسای ئێراق و ٢١ـەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی هەولێر، پایتەختی کوردستان، بەڕێوە دەچێ.

بەڕێوەبەرانی فستیڤاڵەکە ڕایانگەیاندووە کە یەکێك لە ئامانجەکانی فستیڤاڵی ئەمساڵ، ئەوەیە کە ببێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ هەولێر بۆ وەرگرتنی نازناوی پایتەختی گەشتیاریی ساڵی ٢٠١٤.

شایانی باسە بەشی یەکەمی فستیڤاڵەکە لە ١١ی مارسەوە دەستی پێکردووە و تا ٢٠ی مارس درێژە دەکێشێ و بەشی دووەمیشی لە ٢١ تا ٢٥ی مارس بەڕێوە دەچێ.

